راگەیەندراوێک لەبەشی رۆژنامەوانیی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە:

لە کۆڕ پیلانی دوژمنان هەبووبێت پارتی لەبەرامبەریدا پێشمەرگانە لە سەنگەردا وەستاوە

#پابەند دەبین

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5979) یەکشەممە 26ی تەممووز 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی ئەمەریکا دەکات

دوێنێ شەممە ٢٥ـی ٧ـی ٢٠٢٠ سەرۆك مسعود بارزانی پێشوازی لە بەڕێز رۆبرت والێر کونسوڵی نوێی ئەمەریکا لە هەولێر کرد.لە دیدارێکدا کە بەڕێز کونسوڵی پێشوو ئامادەی بوو، سەرۆك بارزانی هیوای سەرکەوتنی بۆ کونسوڵی نوێ خواست و هەروەها بۆ کونسوڵی پێشوو لە کاری تازەیدا.
هەر لەو دیدارەدا باس لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان و عێراق و رۆژهەلاتی ناوەڕاست و پێشهاتەکانی کاریگەریی پەتای کۆرۆنا کرا.
لای خۆیەوە کونسوڵی نوێی ئەمەریکا سوپاسی هەڵوێستی مرۆییانەی هەرێمی کوردستانی کرد بەرامبەر کۆچبەر و پەنابەران کە بەهۆی شەڕی داعش پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە.

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

بڕیارە ئەمڕۆ یەکشەممە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ دریژکردنەوەی وەرزی بەهارە بەڕێوە بچێت.
بەپێی نووسراوێکی فەرمیدا کە ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان بڵاوی کردووەتەوە و واژۆی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی لەسەرە، گشت ئەندامانی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممە بانگهێشت کراون.
(زیاتر لە ل٣ بخوێنەوە)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی فینلەندا دەکات



ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٢٠/٧/٢٣ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز پێکا هاڤیستۆ وەزیری دەرەوەی فینلەندا و شاندێکی یاوەری کرد.
لە کۆبوونەوەیەکدا پەیوەندیی فینلەندا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و بڕەودان بە بواری جیاکانی پەیوەندییەکان، کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنیان، گرنگیی بەشداریی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە پڕۆسەی سیاسیدا بۆ سەقامگیریی وڵات، دواییین پێشهاتەکانی شەڕی دژی تیرۆر و ڕۆڵی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و گرنگیی بەردەوامیی پشتگیری بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی بەتایبەتیش لە بواری ئابووریدا، پەیوەندییەکانی هەرێم و وڵاتانی دراوسێ، دۆخی ئاوارە و پەنابەران، پێکهاتەکان و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان، پێشهاتەکانی ناوچەکە و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێ کرد.
(زیاتر لە ل٢ بخوێنەوە)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی فینلەندا دەکات



ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٢٠-٧-٢٣ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە پێکا هاڤیستۆ وەزیری دەرەوەی فینلەندا کرد. لە کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فینلەندا تاوتوێ کرا.
وەزیری دەرەوەی فینلەندا ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ بەردەوامیدان بە هاوکاریکردنی پێشمەرگە دەربڕی لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داعش. گوتیشی هانی وەبەرهێنەرانی فینلەندیش دەدەین بۆ وەبەرهێنان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.
سەرۆکی حکوومەتی تیشکی خستە سەر چاکسازییە کارگێڕیی و دارایییەکانی حکوومەتی هەرێم بەتایبەتی لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و گرنگیدانی زیاتر بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی. گوتیشی پێشوازی لە هەنگاوەکانی کردنەوەی کونسوڵخانەی فینلەندا لە هەولێر و پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانمان و سوود وەرگرتن لە شارەزایان و پسپۆڕانی فینلەندی دەکەین بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا.



لە چلەی ماتەمینیدا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی ژیانی پڕبوو لە خەبات و تێکۆشان و لە پێناو گەلەکەیدا ژیاوە

(زیاتر لە ل٩ بخوێنەوە)



6

250 دوکان لە بازاڕێکی میللیی هەولێر سووتان

پارێزگاری هەولێر:

سەرۆکوەزیران داوای لێکردم بە پەلە هاوکاریی دووکاندارانی بازاڕی سیم بکەین



7

تەواوی یەکەکانی وێستگەی هەڵمی خەبات کەوتوونەتە کار



8

ڕێگا نەدان بەسەردانی سەرپەرشتیاران بۆ ناو هۆڵی ئەزموونی تاچەند ڕۆڵیانی لە تاقیکردنەوەکاندا کەمکردۆتەوە

خەسرۆ گۆران:

تێبینیمان لەسەر خودی یاسای هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق هەیە

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، باس لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، کە تێبینییان لەسەر یاسای هەڵبژاردن هەیە. خەسرۆ گۆران، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی راگەیاندووە: بەشێك لە سنووری مادەی ١٤٠ وابەستەیە بە کەرکووك و موسڵ و سەڵاحەددین و دیالە، لە سەرەتاشەوە لە ٢٠٠٥ کە هەڵبژاردن کرا، ئەو ناوچە کوردنشینانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئیدارییەن سەر بەو پارێزگایانەن و لە هەڵبژاردنەکان هەر کەسە و لە چوارچێوەی خۆی دەنگی بە بەربژێری خۆی داوە لە پارێزگای خۆی، بێگومان خانەقین دیارە چەند دەنگدەری هەیە، لە شنگال و کەرکووك و مەخموور هیچ گرفتێك نییە بۆ ئەوانە، ئەوەی گرفتە، ئاوارەکانن، چونکە ئاوارەکانی شنگال یان کەرکووك و مەخموور لە شوێنی خۆیان نین و دەبێت ئالیەتێك بدۆزرێتەوە، کە بتوانن لەو شوێنانەی نیشتەجێن، دەنگ بدەن.
(زیاتر لە ل٤ بخوێنەوە)

4



ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە ڕزگارکردنی چالاکوانە ئەڵمانییەکە ئاشکرا دەکرێت

15



کارۆلینا: کتێب باشترین ڕاهێنەرە بۆ شەترەنجزانان



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی فینلەندا دەکات

ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە ٢٠٢٠/٧/٢٣ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز پێکا هاڤیستۆ وەزیری دەرەوەی فینلەندا و شاندێکی یاوەری کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا پەیوەندیی فینلەندا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و بەرەودان بە بواری جیاکانی پەیوەندییەکان، کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنیان، گرنگیی بەشداریی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە پرۆسەی سیاسیدا بۆ سەقامگیریی وڵات، دواپێن پێشهاتەکانی شەڕی دژی تیرۆر و رۆڵی هاوپەیانیی نێودەوڵەتی و گرنگیی بەردەوامیی پشتگیری بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی بەتایبەتیش لە بواری ئابووریدا، پەیوەندییەکانی هەرێم و وڵاتانی دراوسێ، دۆخی ئاوارە و پەنابەران، پێکهاتەکان و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان، پێشهاتەکانی ناوچەکە و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێ کرد.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی بە سەردانی بەڕێز وەزیری دەرەوە، سوپاسی فینلەندای کرد کە لە چوارچێوەی هاوپەیانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشدا هاوکارییان پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کردووە، بەتایبەتیش لە بواری مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بە پێشمەرگە و هاریکاریی مرۆییدا، هەروەها خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ بەرەودانی زیاتر بە پەیوەندییەکان لەگەڵ فینلەندا و ڕەخساندنی دەرفەتی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری بۆ کۆمپانیا فینلاندییەکان لە هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز هاڤیستۆ، وێڕای خۆشحاڵی بەم سەردانەی، پێزانینی وڵاتەکەی بۆ ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە شکاندنی داعش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پێشوازیکردن و حەواندنەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان نیشان دا، هەروەها خواستی وڵاتەکەی بۆ بەرەودانی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و فراوانکردنی بوارەکانی هاریکاری هاوبەش و هەنگاوەکانیان بۆ کردنەوەی کونسوڵخانە لە هەولێر، دووپات کردەوە.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسوڵی نوێی ئەمەریکا کرد

سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٢٠/٧/٢٣ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز ڕۆبێرت واڵەر، کونسوڵی گشتیی نوێی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا کە بەڕێز کونسوڵی گشتیی پێشووی ئەمەریکا و شاندێکی یاوەریان ئامادەی بوون، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، وێڕای پیرۆزبایی لە کونسوڵی تازە، هیوای سەرکەوتنی لە کارەکانیدا بۆ خواست و هەموو پشتگیرییەکی بۆ دووپات کردەوە، لای خۆیەوە بەڕێزیان پابەندیی ئەمەریکای بە سەقامگیری لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی هەرێم و لایەن و پێکهاتەکان لە حوکمڕانیی عێراقدا، پشتیوانیی وڵاتەکەی لە هەوڵەکانی چارەسەکردنی کێشەکان و تێپەڕاندنی قەیرانەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، دووپات کردەوە.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاس و دەستخۆشی لە کونسوڵی پێشوو بەڕێز ستیڤ فەیگن کرد بۆ ئەو ماوەیەی لە هەرێمی کوردستان خزمەتی کردووە و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێم و ئەمەریکادا گێڕاوە، هەروەها پیرۆزبایی لێکرد کە وەک جێگری نێردەی ئەمەریکا لە بەغدا دەستبەکار دەبێت، ئەویش وێڕای سوپاس و پێزانین، دووپاتی کردەوە کە لە ئەرکی تازەیدا لە بەرەودان بە پێکەوەکاردن و هاوبەشی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بۆ کارکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەپێناو سەقامگیری و چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور کردەوە، هەروەها هەردوولا پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێم و ئەمەریکا، هاریکاریی هاوبەش و کارکردن لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژی داعش، بەردەوامیی پشتگیریی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی هەرێم لە سەقامگیریی عێراقدا، دۆخی ناوخۆ و ڕۆڵی کۆکەرەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم، پاراستنی پێکەوەژیان و لێبوردەیی لەنێوان پێکهاتەکاندا، دووپات کردەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بزووتنەوەی گۆڕان دەکات

نێچیرڤان بارزانی: گۆڕان هەڵوێستەکانی بەرپرسیار و خەمخۆرانەن



دوێنێ شەممە لە سالیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕاندا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەکە و خانەی ڕاپەڕاندن و جڤاتی نیشتمانی گۆڕان کرد. لە پەیامەکەیدا سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا رایگەیاندووە «بزووتنەوەی گۆڕان هەر لە دامەزراندنییەوە ڕۆڵێکی دیاری لە کایەی سیاسیدا گێڕاوە، ئێستاش لایەنێکی کاریگەر و سەرەکیی پێکهاتەی حکوومەت و پرۆسەی سیاسیی کوردستانە، هەڵوێستەکانیشی بەرپرسیار و خەمخۆرانەن». ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز عومەری سەید عەلی، ڕێکخەری گشتی

بەڕێزان ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندن و جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان

لە یادی یازدە ساڵەی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕاندا، بە گەرمی پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و ئەندامان و لایەنگرانی بزووتنەوەکەتان دەکەم، هیوای بەردەوامی و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازم.

بزووتنەوەی گۆڕان هەر لە دامەزراندنییەوە لەسەر دەستی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا کە لەم یادەدا سڵاو بۆ گیانی دەنێرین و یادی دەکەینەوە، ڕۆڵێکی دیاری لە کایەی سیاسیدا گێڕاوە، ئێستاش لایەنێکی کاریگەر و سەرەکیی پێکهاتەی حکوومەت و پرۆسەی سیاسیی کوردستانە، هەڵوێستەکانیشی بەرپرسیار و خەمخۆرانەن.

هیوادارم ئەم یادە گوڕوتینی زیاتر بداتە تێکۆشانی سیاسیی بزووتنەوەکەتان لەپێناو ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەماندا، ئەم بۆنانە ببنە دەرفەتی قوواڵکردنەوەی گیانی هاوکاری و پتەوکردنی هاوخەباتی و دەستگرتنی کۆی لایەنە تێکۆشەرەکانی کوردستان بە نەگۆڕ و ئامانجە نیشتمانی و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمانەوە. دۆخی نالەبار و کێشە و قەیرانەکان کە بەرۆکی کوردستانیان گرتووە، یەکڕیزی و تەبایی و پیکەوەیی لە هەموو لایەک دەخوازێت تا بتوانین ئەم قۆناغە سەختە تێپەڕێنین، گەلەکەمان لە قەیران و کێشەکان دەرباز بکەین، پاریزگاری لە قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان بکەین و هەنگاوی زیاتر بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بنێین.

دووبارە پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠٢٠/٧/٢٥



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەرپرسی نوێی نووسینگەی کونسوڵگەریی ژاپۆن دەکات



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشتگیری لە ئەرکی یوونیتاد دەکات

نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٧/٢٢ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز کەریم خان، ڕاوێژکاری تایبەتی تیمی نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش (یوونیتاد) کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا دواپین هەنگاوەکانی کار و ئەرکی یوونیتاد و کاریگەریی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر کارەکانیان تاوتوێ کرا و هەردوولا جەختیان لە گرنگیی هەماهەنگیی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ تیمەکەیان کردەوە لەپێناو دابینکردنی دادپەروەری بۆ قوربانیانی دەستی داعش و دادگاییکردن و بەسزاگەیاندنی تاوانباران کە دەبێتە هۆکارێکی دروستبوونەوەی متمانە و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ سەقامگیری و پێکەوەژیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانبەرکەوتووەکان و گەڕانەوەی ئاوارەکان.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتگیریی بۆ کار و ئەرکی یوونیتاد، ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ کارکردن لەگەڵ تیمەکە و حکوومەتی فیدراڵی عێراق بۆ سەرخستنی ئەرکەکەیان دووپات کردەوە، هەروەها دەستخۆشی لێکردن و هانیدان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی یوونیتاد بەپێی کات و خشتەی دەستنیشانکراویان کە لە بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکانی عێراق دایە بەوپێیەی هەمووان قوربانیی دەستی داعشن.

هەموارکردنەوەی یاسای پەیوەندار بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانباران، بایەخدان بە لایەنی پەروەردەیی بۆ قوواڵکردنەوەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی و ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی تاوانەکان، پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوان و بە ئەلیکترۆنیکردنیان، ڕاهێنانی دادوەران و کارکردن بەپێی ستاندارد نێودەوڵەتییەکان، چەند تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون کە تیایدا بەڕێز کەریم خان سوپاسی پشتگیریی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و هاوکاری و هەماهەنگیی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەرک و کارەکانیان دووپات کردەوە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسوڵی نوێی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان دەکات

رۆژی چوارشەممە ٢٢-٧-٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە رۆب وۆڵەر کونسوڵی گشتی نوێی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارەکەدا باروودۆخی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاووتوێ کرا.

سەرۆکی حکوومەت پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە کونسوڵی گشتی نوێی ئەمەریکا کرد و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکەکانی بۆ خواست لە پێناو پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا.

سەرۆکی حکوومەت هەروەها پیرۆزباییشی لە ستیڤن فەیگن کونسوڵی پێشووی ئەمەریکا لە هەرێم کرد بەبۆنەی ئەرکی تازەی لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. کونسوڵی گشتی ئەمەریکا ئاماژەی بە گرنگیی بە هێزبوونی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان کرد و ئامادەیی وڵاتەکەشی دەربڕی، بۆ یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان لە گەشەپێدانی ئابووری و بەتایبەتی لە بواری وزە و کشتوکاڵدا.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لە تاوانەکانی داعش دەکات

رۆژی پێنجشەممە ٢٣-٧-٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کەریم ئەحمەد خان ڕاوێژکاری تایبەتی و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد UNITAD) کرد.

لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی ئامادەکارییەکانی دادگاییکردن و بە سزاگەیاندنی تاوانبارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کرا.

ڕاوێژکاری تایبەتی و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لە تاوانەکانی داعش، تیشکی خستە سەر ڕێکارە یاسایی و تەکنیکییەکانی دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش لە سەر ئەو تاوانانەی بەرامبەر مرۆڤایەتی ئەنجامیان داوە. بە تایبەتی پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگە و بە دیجیتاڵکردنی ئەرشیڤی تاوانەکانی داعش. سوپاسی هەماهەنگیی و پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشی لەمبارەیەوە کرد.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لە گرنگیی خێراترکردنی ڕێکارەکانی دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش کردەوە، چونکە ئەم دادگاییکردنە هەنگاوێکی گرنگە بۆ هێنانەدی دادپەروەری و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەیان لە داهاتوودا.

گوتیشی ئێمە ئامادەیی هەر هاوکاریی و هەماهەنگییەکین و پێویستە هەرێمی کوردستانیش، بەشداریی کارای لە بەڕێوەچوونی ئەو دادگایەدا هەبێت، چونکە هەرێم لە شوێنەکانی دیکە زیاتر بووەتە قوربانی دەستی تاوانبارانی داعش.

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان

مەسرور بارزانی: گۆڕان ڕۆڵێکی دیاری لە بزووتنەوەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا هەیە



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی شەممە ٢٥-٧-٢٠٢٠ لە پەیامێکدا ساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕانی لە ڕێکخەر و ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن و جڤاتی نیشتمانی و ئەندامانی بزووتنەوەکە پیرۆز کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز عومەری سەید عەلی ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان،

بەڕێزان ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن و جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان،

بە بۆنەی یازدە ساڵەی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان، پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و ئەندام و لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

بزووتنەوەی گۆڕان وەک لایەنێکی گرنگی پێکهێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵێکی دیاری لە بزووتنەوەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

ئومێدەوارم بە هەماهەنگیی و هاوکاریی گشت لایەنە سیاسی و پێکهاتەکانی هەرێم، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت کارنامە چاکسازییە هەمەلایەن و گشتگیرەکەی، بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکات و هەموومان بەیەکەوە، پارێزگاریی و داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانمان لە عێراقی فیدراڵ و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەین.


مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
٢٥-٧-٢٠٢٠

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە



بڕیارە ئەمڕۆ یەکشەممە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ دڕێژکردنەوەی وەرزی بەهارە بەڕێوە بچێت. بەپێی نووسراوێکی فەرمیدا کە ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان بڵاوی کردووەتەوە و واڕۆی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی لەسەرە، گشت ئەندامانی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممە بانگهێشت کراون. لە نووسراوەکەی پەرلەماندا هاتووە «پشت بەستن بە بڕیاری ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ دڕێژکردنەوەی وەرزی بەهارەی ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و حوکمی بڕگەی یەکەم لە مادەی ١٩ و بڕگەی سێیەم لە مادەی ٦٦ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق و ئاماژە بە نووسراوی پەرلەمانی کوردستان بە واڕۆی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ژمارە ١٢٠٠ لە ٢٠٢٠/٧/١٦ کە ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، کە تیایدا ئاماژە بە ئەنجامدانی دانیشتنی پەرلەمان کراوە لە ڕێکەوتی (٢٦، ٢٧، ٢٠٢٠/٧/٢٨)، بڕیارمان دا بانگهێشتی گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بکەین بۆ دانیشتنی ژمارە ٦ ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لەخولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، لەکاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٦ تکایە لە کاتی دیاریکراودا ئامادە بن.

هێمن هەورامی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بزووتنەوەی گۆڕان کرد



لەساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی ڕێکخەری گشتی و خانەی ڕاپەڕاندن و کادیر و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین، هیواخوازین بزووتنەوەکە لە کارە باشەکانی بەردەوام بێت و سەرکەتووبێت لە هەنگاوەکانی داهاتوو.

بزووتنەوەی گۆڕان بەشداریەکی کارای لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، هاوبەشێکی سەرەکییە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەردەوامیش داکۆکیکاربووە لە باشترکردنی کاری پەرلەمانی و حکومی و پابەندبووە بە کاراترکردنی دامەزراوەکان.

هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و جیهان بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتە ئابوورییەکانیی، بە بارودۆخێکی سەختدا تێپەڕدەبێت، پێویستە هەموو لایەنەکان بە تەبایی و برایەتییەوە هەنگاو بهاوێژن بۆ تێپەڕاندنی دۆخە سەختەکان و گەیاندنی کوردستان بە کەناری ئارامی، پێویستیشە هەموو هیزە سیاسییەکانی کوردستان یەکدەنگبن بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و پاراستنی سەروەرییەکەی کە بەرهەمی خەباتێکی دوورودرێژی خەڵکی کوردستانە و ئەمانەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کیمیابارانکراوانە لە ئەستۆی ئێمە، و پێویستە مافە دەستوورییەکانمان زیاتر بچەسپێن و داهاتوویەکی باشتر بنیات بنێین، بەهەماهەنگی و هاوکاری گشت لایەنەکان هەنگاوەکانی چاکسازی درێژە پێبدەین، وەک چاکسازییەکی گشتیر لە سەرجەم سێکتەرەکان و لە ناویانداً لە خەرجی و داهات، دووبارە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
٢٠٢٠/٧/٢٥

پارتی دیموکراتی کوردستان
KDP 1946
PARTIYA DEMOKRATA KURDISTANE
التغيير CHANGE گۆڕان

مەکتەبی سیاسیی پارتی
یانزەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان پیرۆز دەکات

ڕۆڵی بزووتنەوەی گۆڕان لەم قۆناغە سەختەدا بۆ پتەوکردنی سەقامگیریی و بەهێزکردنی قەوارەی سیاسی و دەستووریی هەرێم، نیشانەی دڵسۆزیتانە بۆ بەدیهاتنی مافە هاوبەشەکانمان.

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی یازدەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان، پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بەڕێزان/ ڕێکخەری گشتی و ئەندامانی جڤاتی گشتی و نیشتیمانیی بزووتنەوەی گۆڕان...

بە بۆنەی ١١ ساڵەمین ساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوە تێکۆشەرەکەتان، گەرمترین پیرۆزبایی خەبات و کۆڵنەدان لە ئێوە و ئەندامان و لایەنگرانتان دەکەین، هیوادارین هەر بەردەوام و سەرکەووتوو بن لە خەبات و تێکۆشانتان بۆ سەرخستنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و بەدیهێنانی گشت مافە ڕەواکانی.

ڕۆڵی بزووتنەوەکەتان لەم قۆناغە سەختەدا بۆ پتەوکردنی سەقامگیریی و بەهێزکردنی قەوارەی سیاسی و دەستووریی هەرێم و دامودەزگا شەرعییەکانی و بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی، نیشانەی دڵسۆزیتانە بۆ بەدیهاتنی مافە هاوبەشەکانمان کە ئەمەش جێگای شانازییە.

ئێمە لە کاتێکدا ئەو یادەتان پیرۆز دەکەین، کە هاوکات ڕەوشی ئەمڕۆی هەرێم و ناوچەکە، بە قۆناغێکی گرنگ و هەستیاردا تێدەپەڕێ بەجۆرێک قەیرانێکی ئابووری و تەندروستی سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە، زیاتر جەخت لەسەر هاوخەباتی و یەکڕیزیی و تەبایی دەکەینەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەدیاتانە و پاراستنی دەسکەوتەکان و ڕەوشی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و بەدیهێنانی ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانمان.

هیواداریین بە هەموو لایەک هەوڵ بدەین بناغەی ئەو هاوپەیمانییەتی و هەماهەنگییەی نێوانمان زیاتر پتەوتر و بەهێزتر بکەین و شانبەشانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیی کاربکەین بۆ تەختکردنی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم چارەسەرکردنی گیروگرفت و کێشەکان و دابینکردنی ئایندەیەکی ڕۆشنتر و گەشتر بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان.

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هەر سەرفراز و سەرکەووتوو بن..

مەکتەبی سیاسیی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٥ی ٧ی ٢٠٢٠

راگەیەندراوێک لەبەشی رۆژنامەوانیی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە:

لە کوێ پیلانی دوژمنان هەبووبێت پارتی لەبەرامبەریدا پێشمەرگانە لە سەنگەردا وەستاوە

ئەوانەی دێنە نێو ململانێی سیاسییەوە دەبێ پشوودرێژ بن و لەهەر دۆڕانێکا قینچکەتەنگ شتێک نەشکێنن

لە راگەیەندراوێکی ئینفیعالییانەی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بە نێوی (هەموو کوردستان مەیدانی خەباتی یەکێتییە و پایتەختیش چەقی ئەو خەباتەیە) باس لە نەفەسێکی نوێی یەکێتی دەکات، کە گوایە نەفەسی دوای کۆنگرەی چوارەمیانە، لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەو نەفس و ئاراستەیەیش، راگەیەندراوەکە هێرش دەکاتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و تەنانەت دامەزراوە فەرمییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، تایبەت لە ناوهێنانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر وەک لقێکی پارتی!. جارێ ئەم زمانەی راگەیەندراوەکەی پێ نووسراوە، کە پێدەچێت لە سەرووی خۆیانەوە دەقەکەیان بۆ ڕەوانە کرا بێت، زمانێکی گرژی گرفتخوڵقێنە و هێندەی گرێبینە نیشتیمانبین نییە و، ناتوانی چارەسەر لەگەڵ خۆیدا بێنێتە نێو پرۆسەی سیاسیی کوردستان، بەتایبەت لەم قۆناغە هەستیارەدا، کە جەماوەری خۆشەویستی کوردستان چاوەڕوانی لێکتێگەیشتنی زیاتری حزبە سیاسییەکانی کوردستانن.

بۆ وەڵامی ئەم راگەیەندراوەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، زۆر بە کورتی دەڵێین:

- ئەگەر ئەم سیاسەتەی ئێستای یەکێتی، کە لە راگەیەندراوەکەیاندا ناوی بە نەفەس و ئاراستەی نوێ هاتووە، بریتی بێت لە سیاسەتی ئێستای هەموو یەکێتی، کە ئەمەیان بۆ خۆی جێی هەڵوەستە و پرسیارە!. ئەوا دەبێ پرسیار بکەین: ئەم سیاسەتە کوردستان بەرەو کوێوە دەبات و ئەی ئایندەی یەکێتی بەرەو کوێ؟! . ڕێک و ڕەوان دەمانەوێت بڵێین، ئەم نەفەس و ئاراستە سیاسییە نوێیە، دژ و ناکۆکە بە ڕوانگ و پەیام و دوا وەسیەتەکانی جەنابی مام جەلال و تێکۆشەرەکانی دەوری مام جەلال، سیاسەتێکە نەک هەر لەگەڵ دەرەوەی یەکێتی ناتوانێت تەبا بێت و بسازێت، بگرە نێوخۆی یەکێتییش بنکۆڵ دەکات و دوور یا نزیک بناغەکانی خۆیشی هەڵدەتەکێنێتەوە!..

- ئەوانەی راگەیەندراوەکەیان دارشتووە، پێدەچێت زۆر شارەزای میژوو و پارتی دیموکراتی کوردستان نەبن، جارێ پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی سەرانسەریی کوردستانی کۆکەرەوەی نیشتیمانییە و ئارمانجی کۆکردنەوەی هەموو هێز و شیان و تواناکانە لە پێناو ئازادیدا و، لە کوێ پیلانی دوژمنان هەبووبێت، پارتی لەبەرامبەریدا، پێشمەرگانە لە سەنگەردا وەستاوە و مێژوویش شاهێدە و تەنانەت شەهیدەکانی ئەم دواییەی پردێ و سحێلایش ئەم ڕاستییە ڕۆشنتر دەکەنەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان واتە پڕۆژەی وەستانەوە بەڕووی پیلانداِ !..

- ئیشکالیەتێکی تری نێو راگەیەندراوە ئینفیعالییەکەی یەکێتی ئەوەیە، کە دوو چەمکی جیاوازی وەک: (ململانێی سیاسی) و (دوژمنایەتی) لێ تێکەڵ بووە، جا نازانین ئەم تێکەڵکردنە، لە بێئاگایی بووە، یان لە بە ئاگاییی!!. گرنگ دەبێ دارێژەرانی راگەیەندراوەکە ئەو ڕاستییە بزانن، کە ململانێی سیاسی بەشێکە لە پرۆسەی سیاسی و پارتی دیموکراتی کوردستان نەک هەر قەناعەتی قووڵ و نەگۆڕی بە ململانێی سیاسی هەیە، بەڵکو لە زۆر وێستگەی مێژووییدا دەستپێشخەر و بگرە لە پێناویدا قوربانیشی بەخشیوە.

- ململانێی سیاسی نەک هەر ڕەوایە، بگرە ژیانی سیاسی ڕەنگدار دەکات و جۆرێک لە زەنگینیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووریی لەگەڵ خۆیدا بۆ کۆمەڵگاکان دەهێنێت، بەڵام مەرج نییە ئەوانەی ململانێی سیاسی دەکەن هەمیشە بڕاوە بن، ئەوانەی دێنە نێو ململانێی سیاسییەوە، دەبێ پشوودرێژ و مەدەنیانە قۆڵی لێ هەڵبکەن و لەهەر دۆڕانێکا قینچکەتەنگ شتێك نەشکێنن و بەشوورەییەوە داخلی مێژوو نەبن !. سەبارەت پیلان و هەڕەشەیش، دووجار سنوور و جارێک بەغدا شاهێدن، کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەڕەشە شکێنە !..

- زمانی زبر و هەڕەشە و گرژی و ناکۆکی، زیان بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت بەر لە ئەوانیتر، بۆیە دەخوازین بە تەبایەوە، بە نەفەسی چارەسەری کێشەکان و خزمەتکردنی هاوواڵتیان، ڕوو لە بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان بکرێت و ئیتر کۆتایی بەم دردۆنگییە سیاسییە میدیاییە بێت و ڕۆژانی بەر لە جەژن بکەینە ڕۆژانی تەبایی و چارەسەری کێشەکان.

بەشی ڕۆژنامەوانیی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٤ی٧ی٢٠٢٠

وەزارەتی ناوخۆی عێراق

ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە ڕزگارکردنی چالاکوانە ئەڵمانییەکە ئاشکرا دەکات



بەڕێوەبەری بەشی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، لیوا سەعد مەعن ڕایگەیاند، دوای بەدواداچوونە هەواڵگرییەکان کە بەسەرپەرشتی سەرۆکوەزیران مستەفا کازمی پێکهێنرابوو. گوتیشی: دوای بەدواداچوونە هەواڵگرییەکان، هێزە ئەمنییەکان توانیان چالاکوانی ئەڵمانی، هێلا میقیس کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە بەغدا ڕفێندرابوو ڕزگار بکەن.

بەڕێوەبەری بەشی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، لیوا سەعد مەعن ڕاشیگەیاند کە دۆسیەی لێکۆڵینەوە لە ڕفاندنی هێلا میقیس ڕادەستی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی کراوە و جەختیشی لەوە کردووە، هێزە ئەمنییەکان لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە لە ڕفاندنی هیلا میویس تێوەگلاون.

هەروەها بە پێی دەنگی ئەمەریکاش سەرچاوەیەک بە فڕانس پرێسی گوتووە شانەی هەڵۆکانی هەواڵگری (خلیە الصقور الاستخباراتیە) کە هێزێکی تایبەتی حکوومەتە، توانیویەتی لە ڕێگەی کامێراکانی چاودێرییەوە کەسێک لەوانەی لە تاوانی ڕفاندنەکەدا بەشداربووە بدۆزێتەوە و پاشان دەستگیری بکات. سەرچاوەکە دەڵێت کەسەکە گوتوویەتی سەر بە گرووپێکی حەشدی شەعبییە، لەوانەی لەگەڵ هێزە ئاسایشییەکان کاردەکەن کە هەندێکیان سەر بە ئێرانن. سەرچاوەکە گوتووشیەتی لەگەڵ ڕفێندەرەکان بە ڕێککەوتنێک گەیشتوون، ئەویش کەسە دەستگیرکراوەکەیان ئازادبکەن لە بەرامبەر ئازادکردنی بارمتە ئەڵمانییەکە.

جێی باسە بەڕێوەبەری بەشی ڕۆشنبیری پەیامنگای گوتەی ئەڵمانی، هێلا میقیس شەوی دووشەممە لەسەر سێشەممەی ڕابردوو لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراو لە نزیک شوێنی کارەکەی لە بەغدا ڕفێنرا. ڕۆژی هەینیش گوتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، لیوا یەحیا ڕەسول رایگەیاندبوو کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق، هێلا میقیسیان لە بەغدا ڕزگار کردووە.

خەسرۆ گۆران:

تێبینیمان لەسەر خودی یاسای هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق هەیە

کورد لە سنووری ماددەی ١٤٠ پارێزگاری لە کورسی و دەنگدەری خۆی دەکات

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، باس لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، کە تێبینییان لەسەر یاسای هەڵبژاردن هەیە. خەسرۆ گۆران، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: بەشێك لە سنووری ماددەی ١٤٠ وابەستەیە بە کەرکووک و مووسڵ و سەڵاحەددین و دیالە، لە سەرەتاشەوە لە ٢٠٠٥ کە هەڵبژاردن کرا، ئەو ناوچە کوردنشینانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئیدارییەن سەر بەو پارێزگایانەن و لە هەڵبژاردنەکان هەر کەسە و لە چوارچێوەی خۆی دەنگی بە بەرێزی خۆی داوە لە پارێزگای خۆی، بێگومان خانەقین دیارە چەند دەنگدەری هەیە، لە شنگال و کەرکووک و مەخموور هیچ گرفتێك نییە بۆ ئەوانە، ئەوەی گرفتە، ئاوارەکانن، چونکە ئاوارەکانی شنگال یان کەرکووک و مەخموور لە شوێنی خۆیان نین و دەبێت ئالیەتێك بدۆزرێتەوە، کە بتوانن لەو شوێنانەی نیشتەجێن، دەنگ بدەن.



خەسرۆ گۆران گوتیشی: کورد پارێزگاری لە کورسی و دەنگدەری خۆی دەکات لە سنووری ماددەی ١٤٠، بەشێکی زۆر کورسییەکانی کوردیش لەو ناوچانەن، چۆن ڕێگا دەدەین لە دەستان بچن، بۆ نموونە لە مووسڵ بەقەد پارێزگای دهۆك کورسیی پەرلەمانی عێراقیان هەیە، لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا سەرۆکی ئەنجوومەن هیی کورد بووە لە ٢٠٠٥ەوە، بۆیە دەمانەوێت کورد لەو ناوچانەدا بە بەهێزی بمێنێتەوە.

ناوبراو ڕاشیگەیاندووە: تێبینییان لەسەر خودی یاسای هەڵبژاردن هەیە، جارێ یاساکە ڕوون نییە و گرفتی هەیە، بۆ نموونە جارێ بازنەکان دیاری نەکراون لە ئەنجامدا کە ئەنجامەکان دیاری نەکرێن، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر پارێزگایەك پێکدێت لە چەندین بازنە، بەس چەند بازنە؟ دیار نییە، پێشتر دیار بوو هەر پارێزگایەك بازنەیەك بوو لە ڕابردوودا، بەڵام لە ئایندەدا دەبێت زیاتر ڕوونی بکەنەوە و بزانین هەر پارێزگایەك چەند بازنەیە، دەبێت ئەمە ڕوون بکرێتەوە، چونکە پارێزگا هەیە ناگاتە ملیۆنێك، پارێزگا هەیە زیاتر لە چەندان ملیۆنە، بۆیە ئەمە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، ئایا ئەمە لەسەر حسابی کورسییە؟ لەسەر دەنگدەرە؟ ئەمە دەبێت یەکلا بکرێتەوە و دواتر بڕیاری هەڵبژاردن بدرێت.

لەبارەی مەترسیی کەمکردنەوەی کورسیی پارێزگا کوردییەکان، خەسرۆ گۆران دەڵێت: دەبێ بەپێی ئامار بڕۆن، ناتوانن کورسییەکان کەم بکەنەوە، ئەوەش کە کراوە بەپێی مەزەندە بووە، چونکە ٣٠ ساڵ زیاترە سەرژمێری لە عێراق نەکراوە و وەزارەتی بازرگانییش بەپێی پسوولە ئامار دەردەکات، کە هەر ئامارێك بەکاربێت، دەبێت ڕەچاوی زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگاکان بکرێت.

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی ئەوەشی خستۆتەڕوو: لە دواکۆبوونەوەی هێزە سیاسییەکانی عێراقدا، باس لە هەڵبژاردنی پێشوەختە کراوە و کازمی دوو جار باسی هەڵبژاردنی پێشوەختەی کردووە، بەڵام تا ئێستا بڕیاری ڕوون نەدراوە کەی دەکرێت و چۆن دەکرێت. سەبارەت بە بەشداریی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە هەڵبژاردنەکاندا لە سنووری ماددەی ١٤٠، ئاماژەی دا: پارتی لە هەموو ناوچەکان بەشداری دەکات و هیواداریین ئەو ناحەقییەی کرا لە بەرانبەر دەنگدەری ئێمە لە پارێزگای دهۆك و هەولێر دووبارە نەبێتەوە، کە دەنگدەری ئێمە خەڵکی مووسڵ بوون لە کەمپەکان بەداخەوە ڕێگەیان نەدرا دەنگ بدەن و دەنگی پارتی سووتێنرا، کە ئەگەر حساب بکرابایە، کورسیی پارتی زیاتر دەبوو و پارتییش لە هەموو سنووەکان بەشداری دەکات.

هێرشێکی داعش لە ناوچەکی باکووری عێراق پێنج کۆژراوی لێکەوتەوە

لە ئاکامی هێرشێکی داعش بۆسەر ماڵێك لە باشووری پارێزگای سەڵاحەددین باکووری عێراق، پێنج کەس کۆژران. لەمبارەیەوە ئەفسەر لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی سەڵاحەددین، نەقیب سەعد محەمەد لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە کە بەرەبەیانی دوێنێ شەممە تیرۆریستانی داعش هێرشیانکردووەتە سەر ماڵی موختاری گوندی سموم سەربە ناحیەی مکێشفیە باشووری پارێزگای سەڵاحەددین. نەقیب سەعد محەمەد ئاماژەی بەوەیش داوە کە لە ئاکامی هێرشەکەدا، موختاری گوندەکە لەگەڵ دوو کوڕی و دوو کەسوکاری موختارەکە کوژراون و کەسێکی دیکەیش کە نەوەی موختارەکەیە، بریندارببوو. هەروەها باسی لەوەش کردووە کە دوای ئەنجامدانی هێرشەکە، تیرۆریستەکانی داعش بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون.

ئەمەیش لە کاتێکدایە لە ١١ی ئەم مانگەدا، قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی «پاڵەوانەکانی عێراق» بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکانی سەربە پارێزگای دیالە ئەنجامدرا کە لە مینایدا ژمارەیەك تیرۆریست کوژران و ژمارەیەك حەشارگەیش خاپوورکران.

عێراق..

٧٢ کەسی دیکە بەهۆی کۆرۆنا گیانیان لە دەست دا

وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق، تۆمارکردنی ٧٢ حاڵەتی دیکەی گیانلەدەستدان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی ڕاگەیاند. دوێنێ شەممە وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا، دواییین ئاماری سەبارەت بە ژمارەی قوربانییانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکە ئەوە خراوەتە ڕوو کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٧٢ کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، گیانیان لەدەستداوە و دوو هەزار و ٨٦٢ کەسی دیکەیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون. ئاماژە بەوەیشدراوە کە هەر لەو ماوەیەدا، دوو هەزار و ٤٩ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، چاکبوونەتەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، کۆی گشتیی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق، گەیشتووەتە ١٠٧ هەزار و ٥٧٣ کەس و لەو ژمارەیەیش چوار هەزار و ٢٨٤ کەس گیانیان لەدەستداوە و ٧٣ هەزار و ٣١٧ی دیکەیش چاکبوونەتەوە. وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی عێراق لە بەیاننامەیەکدا دوو هەزار و ٨٦٢ حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند. دوێنێ شەممە ٢٠٢٠/٧/٢٥، وەزارەتی تەندروستی عێراق لە بەیاننامەیەکەیدا ڕایگەیاندووە، لە ٢٤ کاتژمێری ڕابردوو دوو هەزار و ٨٦٢ حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری عێراق تۆمارکراوە و دوو هەزار و ٤٩ کەسیش چاکبوونەتەوە، ٧٢ کەسیش گیانیان لە دەستداوە و کۆی گشتی تووشبووانیش گەیشتە ١٠٧ هەزار و ٥٧٣ کەس.

هەروەها ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە لە کۆی گشتی تووشبووانی ئەم ڤایرۆسە ٧٣ هەزار و ٣١٧ کەس چاکبوونەتەوە و چوار هەزار و ٢٨٤ کەسیش گیانیان لە دەستداوە.





یۆنان.. کاردانەوەکان لە دژی کردنەوەی مزگەوتی ئایاسۆفیا بەردەوامن

گرووپێکی راستڕەو لە شاری سێلانیک ئاگریان لە ئاڵای تورکیا بەردا

گرووپێکی راستڕەو کە ناڕەزایەتییان دەربڕی دژی کردنەوەی مزگەوتی گەورەی ئایاسۆفیا بە رووی پەرستشدا لە شاری سێلانیک لە یۆنان ئاگریان لە ئاڵای تورکیا بەردا. دوای ئەوەی لەسەر بانگهێشتی گەورە پیاوی ئاینی کریستیان لە سێلانیک، ئانتیمۆس، ئێوارەی رۆژی هەینی رێوڕەسمێك وەك ناڕەزایەتی دەربڕین دژی کردنەوەی مزگەوتی گەورەی ئایاسۆفیا بە رووی پەرستشدا لە حەوشەی کڵێسای ئاگیا سۆفیا بەڕێوەچوو، ئەندامانی گرووپێکی راستڕەو بە ناوی «بەشی پیرۆز»یش بەشداریان لەو رێوڕەسمەدا کرد و ئاگریان لە ئاڵای تورکیا بەردا.

دواتر گرووپەکە بە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی «لە پێناو گەل، وڵات و ئۆرتۆدۆکس» و بە گوتنەوەی دروشم لە دژی تورکیا بەرەو کۆنسوڵخانەی تورکیا لە سێلانیک کەوتنە ڕێ. هێزە ئەمنییەکانیش لە دەورووبەری کۆنسوڵخانە گرووپەکەیان ڕاگرت. گرووپەکە لە بەردەم کۆنسوڵخانەی تورکیا بە دەم گوتنەوەی دروشم و گوتنەوەی سرودی نیشتمانی یۆنان ئاگریان لە ئاڵایەکی دیکەی تورکیا بەردا. لەلایەکی دیکەوە لە ئەسینای پایتەخت و زۆر شوێنی دیکەی یۆنان خۆپیشاندان لە دژی کردنەوەی ئایاسۆفیا بە مزگەوت بەڕێوە چوون.

بەغدا. هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتیی شوێنێکی سەربازیی لە بنکەی بسمایە چۆڵ دەکات

ڕاگەیەندرا کە هێزەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش یەکێك لە شوێنەکانی لە بنکەی بسمایە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغدا ڕادەستی هێزە ئەمنییەکانی عێراق کردەوە. لەمبارەیەوە جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش، مێجەر جەنەراڵ جیرالد ستریکلاند ڕاشیگەیاندووە کە هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتیی دژبە داعش جێگیرکردنی هێزەکانی لە بنکەی بسمایە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغدا ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان کردەوە، هۆکاری ئەو ڕادەستکردنەیش بۆ ئەوە سەرکەوتنانە دەگەڕێتەوە کە هێزەکانی عێراق لە شەڕی دژبە داعش بەدەستیان هێناوە.

مێجەر جەنەراڵ جیرالد ستریکلاند ڕاشیگەیاندووە کە هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتیی دژبە داعش جێگیرکردنی هێزەکانی لە عێراق ڕێکدەخاتەوە و باسی لەوەش کردووە کە ئەو جموجۆڵە سەربازییانە هێزەکانیان، ماوەیەکی زۆڕە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی عێراق پلانی بۆ داندراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: هێزەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش لە حەوتەم شوێنی خۆیان کە لە میانی ئەمساڵدا لە بنکەی بسمایە جێگیرکرابوون، چۆڵ دەکەن، ئەویش وەك بەشێك لە شەڕاکەتی بەردەوامی نێوان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش.

جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش، مێجەر جەنەراڵ جیرالد ستریکلاند لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەی خستووەتە ڕوو کە هێزەکانی ئیسپانیا لەچوارچێوەی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتیی دژبە داعش ڕۆڵێکی سەرەکییان گیراوە لە جێبەجێکردنی چالاکییەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی لە بنکەی بسمایە، چونکە مەشق و ڕاهێنانیان بە ٥٠ هەزار کارمەندی هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئەنجامداوە ئەویش بە هاوبەشی لەگەڵ هاوبەشە پورتوگالییەکان. لای خۆیەوە نوێنەری هێزەکانی ئیسپانیا لە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش، جەنەراڵ لیۆپۆڵدۆ ڕامیرێز ڕایگەیاند کە هێزەکانیان لە بنکەی بسمایە مەشق و ڕاهێنانی پێشکەوتوویان بە هێزە عێراقییەکان کردووە. جەنەراڵ لیۆپۆڵدۆ ڕامیرێز ئاماژەی بەوەیشداوە کە هێزە ئەمنییەکان لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی (پاڵەوانەکانی عێراق) سەربەخۆیانە بەردەوام دەبن لە ئۆپەراسیۆن دژبە داعش.

ماوەی چەند مانگێکە هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش دەستیکردووە بە چۆڵکردنی بنکەکانیان لە عێراق، هاوکات بەڕەسمی ئەمەریکا ڕایانگەیاندووە، چۆڵکردنی ئەو بنکانە، مەبەسیت لێی، ڕێکخستنەوەی هێزەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە داعشە لە عێراق .

کەشتی هەڵگری فڕۆکەکانی ئەتۆمی و ١٢ کەشتی دیکەی جەنگیی ئەمەریکا گەیشتنە دەریای سپی ناوەڕاست

فڕۆکەکان لەگەڵ هێزە ئاسمانییەکانی یۆنان لەسەر کەشتی فڕۆکە هەڵگرەکان مانۆری سەربازی ئەنجامدەدەن



کەشتی هەڵگری فڕۆکەکانی ئەتۆمی «USS Dwight D. Eisenhower» و ١٢ کەشتی دیکەی جەنگیی ئەمەریکا گەیشتنە دەریای سپی ناوەڕاست. بەگوێرەی هەواڵێکی Newsbomb .gr. فڕۆکەکان لەگەڵ هێزەکانی ئاسمانی یۆنان لەسەر کەشتی فڕۆکە هەڵگرەکان مانۆری سەربازی ئەنجامدەدەن.

هەر بە گوێرەی ئەو پێگەیە کەشتی هەڵگری دوایت ئیزنهاوەر، لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکەی کەشتی یاوەری ئەمڕۆ شەممە لەڕێگای قەناتی سوێسەوە دەچەنە نێو دەریای سپی و کەشتی هەڵگرەکە بەرەو ناوچەی باشووری دووڕگەی یۆنان دەچێت، لەوێش بەهاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی یۆنان مانۆرێکی سەربازی ئەنجام دەدەن و کەشتی هەڵگرەکە لەسەر سنووری بازرگانی یۆنان دەمێنێتەوە. هاوکات لەمانۆرەکەدا فڕۆکەکانی ئێف ١٨ و ١٦ بەشداری دەکەن.

هەروەها پێگەکە ڕایگەیاندووە،ئەمە یەکەمین دەستێوەرانی ئەمەریکایە لەوتەی گرژییەکانی نێوان یۆنان و تورکیا پەرەی سەندووە.

هاوپەیمانییەکەی حەکیم:
بە پێی یاسای ئێستای هەڵبژاردن ئەستەمە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق بکرێت




هاوپەیمانیی عێراقییون، کە عەمار حەکیم ڕێبەرایەتی دەکات، هەڵوێستی خۆی لەبارەی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق، ڕاگەیاند. هیشام سوهێل، سەرۆکی هاوپەیمانییەکە لە پەرلەمانی عێراق، ڕایگەیاندووە، بەپێی یاسای ئێستای هەڵبژاردن، ئەستەمە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق، بکرێت. هیشام سوهێل هەروەها ڕایگەیاندووە، هاوپەیمانیی عێراقییون لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەیە.

سەرۆکی هاوپەیمانییەکە ئاماژەی بەوەش کردووە، کە لەگەڵ کوتلەکانی دیکەی پەرلەمان کار دەکەن بح لابردنی ئاستەنگە هونەرییەکان لەبەردەم هەڵبژاردنی پێشوەختە. دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی مستەفا کازمی، عەمار حەکیمی سەرۆکی ڕەوتی حیکمە هاوپەیمانییەکی پەرلەمانی بۆ پشتگیریکرنی حکوومەتی کازمی، پێکهێنا.

هەڵبژاردنی پێشوەختە یەکێك بوو لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی عێراق، جگە لە دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق. عادل عەبدولمەهدی لە مانگی ١٠ـی ٢٠١٨ وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق دەستبەکار بوو و لە ڕۆژی ٣٠-١١-٢٠١٩ دەستی لەکارکێشایەوە و ڕۆژی دواتر پەرلەمانی وڵاتەکەی دەست ەکار کێشانەوەکەی قبوڵ کرد. دەستلەکار کێشانەوەی عەبدولمەهدی لەسەر داوای مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق و دوای پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکانی وڵاتەکەی، هات. خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژی ١-١٠-٢٠١٩ـەوە لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی عێراق دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ئاوی خواردنەوە و کارەبا و بێکاریی گەنجان، دەستیان پێکرد. بەهۆی خۆپیشاندانەکان و کەوتنەوەی تووندوتیژی تێیاندا، زیاتر لە ٦٠٠ هاوواڵاتی و کارمەندی ئەمنی گیانیان لەدەست داوە و زیاتر لە ١٦ هەزاری دیکەش بریندار بوون.

پێداویستییەکان لە ڕیزی پێشەوەی پێکدادانەکان دان
ئەمەریکا وێنەی جێگیرکردنی پێداویستییە سەربازییەکانی ڕووسیای لە لیبیا بڵاوکردەوە



فەرماندەیی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفریقا ڕایگەیاند لە وێنەکاندا کە لە ١٣ و ١٤ی تەموز تۆمار کراون دەبێندرێت کە هێزەکانی واگنەر و پێداویستییە سەربازییەکانی ڕووسیا لە ڕیزی پێشەوەی پێکدادانەکانی سیرت دان. لە ڕاگەیەندراوەکەدا بۆچوونی بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکانی فەرماندەیی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفریقا، براد فۆزەر گیرینگ خراوەتە ڕوو نووسراوە: ڕووسیا لە ڕێگای دابینکردنی سەرچاوەی داهات و پێداویستی بۆ گروپی واگنەر بەردەوامە لەو ڕۆڵەی لە لیبیا. جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری فەرماندەیی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفریقا، گریگۆری هادفیلدیش دەڵێت: وێنەکان بوونی بەرفراوانی ڕووسیا دەردەخەن. ڕووسیا بەردەوامە لە گەڕان بە دوای خاڵێکدا لە لیبیا.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشك خراوەتە سەر ئەوەی کە لە دوا پێداویستی سەربازیی کە بۆ واگنەر ڕەوانە کراوە فڕۆکەی جەنگی کارگۆی جۆری IL٧٦ و پێداویستییەکانی سیستەمی بەرگریی دەبێندرێن و لە وێنەکاندا دەرکەوتووە کە ئۆتۆمبێلە خزمەتگوزارییەکانی واگنەر و زرێپۆشەکانی ڕووسیا دەبێندرێن. فەرماندەیی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفریقا جەختی لەوە کردووەتەوە کە ڕووسیا بە ڕەوانەکردنی چەك و فڕۆکەی جەنگی بۆ لیبیا پێشێلی بڕیاری ژمارەی ١٩٧٠ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کردووە کە گەمارۆی خستۆتە سەر ڕەوانەکردنی چەك بۆ ئەو وڵاتە.

عێراق. فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی بەهۆی کۆرۆنا گیانیان لەدەست دا



فەرماندەی لیوای دووی هێزەکانی کۆماندۆ سەربە سوپای عێراق، عەقید ڕوکن غەسان کازم محەمەد بەهۆی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانی لەدەست دا. لەمبارەیەوە سەرۆك ئەرکانی سوپای عێراق، فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵڵا لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە عەقید ڕوکن غەسان کازم محەمەد بەهۆی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، گیانی لەدەستداوە.

فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵڵا ئاماژەی بەوەیشداوە کە عەقید ڕوکن غەسان کازم محەمەد ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگی لە شەڕەکانی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی عێراق گیراوە، ئەمە وێڕای ئەوەی بە باشی خزمەتی گەل و وڵاتی کردووە. ئەمەیش لە کاتێدایە بەپێی دواییین ئامارەکان، تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە ١٠٤ هەزار و ٧١١ کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەیش چوار هەزار و ٢١٢ کەس گیانیان لەدەستداوە و ٧١ هەزار و ٢٦٨ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.



عەبدالواحید رواندزی
بە بەرپرسی لقی 10ی سۆران دەستبەکار بوو

ڕەنجبەر بەرزنجی- سۆران:

بە ئامادەبوونی کاکەمین نەجار بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەك لە بەرپرسانی حزبی و حکومی ناوچەکە، عەبدالواحید رواندزی پۆستی بەرپرسی نوێی لقی 10ی سۆرانی پێ سپێردرا. دوای پێشکەشکردنی چەند وتارێك، عەلی عەونی ئەندامی سەرکردایەتی کە ماوەی چوار ساڵ بەرپرسیارێتی لقی 10ی سۆرانی لە ئەستۆ دابوو، بەرپرسیارێتییەکەی گواسترایەوە بۆ لقی 8ی زاخۆ و لە بەرامبەریش دا عەبدالواحید رواندزی بە بەرپرسی نوێی لقی 10ی سۆران دەستبەکاربوو.



هەڵمەتی میدیایی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵمەتێکی میدیایی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا دەست پێدەکات. ئەو هەڵمەتە لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و فەرمانگەی میدیا و زانیاری، بە هاوبەشی بەڕێوەدەچێت. هەڵمەتەکە ماوەی دوو هەفتە بەردەوام دەبێت و لە هەفتەی یەکەمدا هەڵمەتی بەستنی ماسك لە ڕۆژی شەممە 25/7/2020 دەستپێدەکرد. لەو ماوەیەدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەرنامەی تەندروستی و گرنگی بەستنی ماسك دەخەنەڕوو.
وەك وەزارەتی ڕۆشنبیری و فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئاماژەیان پێکردووە، کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بە دانانی هاشتاگی (#بەماسکەوە) بەشداری لە هەڵمەتەکەدا دەکەن.



250 دوکان لە بازاڕێکی میللیی هەولێر سووتان

پارێزگاری هەولێر:
سەرۆکوەزیران داوای لێکردم بە پەلە هاوکاریی دووکانداراني بازاڕی سیم بکەین

کاتژمێر 5:30 خولەکی بەیانی ڕۆژی هەینی 24-7-2020 ، ئاگر لە بازاڕی سیم لە گەڕەکی کوردستان لە هەولێر کەوتەوە و زیاتر لە 250 دوکان سووتان.
ڕائید سەرکەوت کاڕەش، وتەبێژی بەرگری شارستانی هەولێر بە کوردستان24ی ڕاگەیاند، ئاگرەکە کۆنترۆڵکراوە. دوکاندارێکیش گوتی: ئەم بازاڕە میللیە و سێیەم جارە دەسوتێت، سەقفەکەی لە پلاستیك و جەمەلۆن دروستکراوە. ڕاشیگەیاند، تەنها بەشێك لە دوکانداڕەکان ڕێنماییەکانی بەرگری شارستانیان پەیڕەوکردووە و مەرجەکانی بەرگری شارستانی لێرە بەدی ناکرێت.
سەبارەت بە بەهاناوەچوون و قەرەبووکردنەوەی دوکانداڕەکان، دوێنێ، فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێریش ڕایگەیاند، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لێکردووە بەهەموو شێوەیەك هاوکاریی ئەو کەسانە بکات زیانیان پێگەیشتووە.
فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر لەگەڵ جێگری پارێزگاری هەولێر، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر، سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانیی هەولێر سەردانی دووکانداران و کاسبکارانی بازاڕی سیمی هەولێری کرد و قسەی لەگەڵ بەشێکیان کرد.
لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا فرسەت سۆفی ئاماژەی بەوە کرد، ڕۆژی شەممە 25-7-2020 لە پارێزگای هەولێر کۆبوونەوەیان لەسەر ئەو پرسە کردووە، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانیش پەیوەندی پێوەکردم و ڕایسپاردووم، بەهەموو شێوەیەك هەوڵبدەین بۆ ئەوەی هاوکاریی خەڵکی زیانلێکەوتوو بکەین. پارێزگاری هەولێر باسی لەوە کرد، هەموو هەوڵێك دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ڕووداوێکی لەو شێوەیە دووبارە نەبێتەوە.
بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکیان پێکهێناوە تاوەکو لەگەڵ نوێنەرانی کاسبکاران و دووکانداران کە ئەنجوومەنێکیان پێکهێناوە کاربکەن بۆ ئەوەی شوێنێکی شایستە بۆ ئەو دووکاندارانە دابین بکەن. پارێزگاری هەولێر دەڵێت، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بەڵێنی پێی داوە، تەواوی خزمەتگوزارییەکانی ئەو شوێنە نوێیە، لە ئاو و ئاوەڕۆ، ڕێگەوبان و کارەبا دابین بکات.
تاوەکو جارێکی دیکە ڕووداوێکی لەو شێوەیە دووبارە نەبێتەوە.
ئەو بازاڕەی سووتا، بەرزەپەستۆی کارەبای بەسەردا دەڕوات، فرسەت سۆفی گوتی، ئەگەر ئەو ستوون یان کێبڵی ئەو کارەبایە بکەوێت ئەوا کارەساتی لێدەکەوێتەوە. بۆیە شوێنێکی نوێیان بۆ پێشنیاز دەکەن. زۆر پەرۆشین بۆ ئەوەی ئەو دووکاندارانە یەك ڕۆژ کاریان نەوەستێت، هەر شتێکیش بکەین بە ڕەزامەندیی خۆیان دەبێت.
بەشێك لەو دووکاندارانە کڕیچین، لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەی ئەو دووکاندارانە، پارێزگاری هەولێر گوتی بەڕژەوەندیی هەموو دووکانداران بە کڕیچی و خاوەن مۆڵك لەسەرووهەموشتێکە، هەوڵەکانیشمان دەخەینەگەڕ بۆئەوەی هەر کەسێك لە بازاڕەکە کارەکات، کارەکەی لەدەستنەدات.
لیژنەکەی پارێزگای هەولێر لە ڕۆژی شەممەوە 25/7/2020 دەستی بە کارەکانی کرد و فرسەت سۆفیش دەڵێت هیوادارم بەزووترین کات بگەنە چارەسەرێك لەگەڵ ئەنجوومەنەکە.

کێشەی کەمئاویی کەسنەزان چارەسەر دەکرێت

ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی و زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان کێشەی کەمئاوی لە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر و شارەدێی کەسنەزان پەیدا بووە. بەڕێوەبەری شارەدێی کەسنەزانیش دەڵێ، کێشەی کەمئاوی لە کەسنەزان کۆتاییی دێت. **سائیب حاجی هاروون، بەڕێوەبەری ناحیەی کەسنەزان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند:** هێڵی سێیەمی ئاوی ئیفراز بۆ شارەدێی کەسنەزان دێت و تەنیا چەند هۆکارێکی تەکنیکی ماون و بە چارەسەرکردنی ئەو هۆیانەی ماون کێشەی کەمئاوی لە شارەدێی کەسنەزان کۆتاییی دێت، چونکە هێڵەکان پێکەوە گرێدراون لەنێو شارەدێی کەسنەزان و تەنیا چەند شوێنێك ماون. بەڕێوەبەری شارەدێی کەسنەزان گوتیشی: ئێستا دو ترومپای ئاو کار دەکەن بۆ چەند کاتژمێرێك، ئێمە لە هەوڵداین هەردوو ترومپای ئاو بە 24 کاتژمێر لە کاردا بن تا کێشەی کەمئاوی، جارێکی دیکە پەیدا نەبێتەوە. سائیب حاجی هاروون ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ئێستا 80%ی کێشەی ئاو چارەسەر کراوە و ئەو 20%ی ماوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی ئاو خەریکی چارەسەرکردنین.



دەستەی وەبەرهێنان:
دوای پێدانی مۆڵەت وردەکارییەکان ئاشکرا دەکەین

حکوومەت دەرمانی دژە کۆرۆنا بەخۆڕایی بۆ نەخۆشەکان دابین دەکات

دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی کە لە نەخۆشخانەکان بە پارە دەرمانی دژە کۆرۆنا بۆ نەخۆشان بەکار دەهێندرێت، گوتەبێژی تەندروستیی هەولێر گوتی، ئەو دەنگۆیە دووری لە ڕاستییەوە و هەر نەخۆشێك پێویستی بەو دەرمانە هەبێت، حکوومەت بەخۆڕایی بۆی دابین دەکات. بژار موسا، گوتەبێژی تەندروستیی هەولێر، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ماوەی پێنج ڕۆژە لە سنووری هەولێر دەرمانی دژە کۆرۆنا، کە هەر لە هەولێر بەرهەم هاتووە، بۆ نەخۆشانی کۆرۆنا بەکار دەهێندرێت و تاوەکو ئێستاش بۆ کۆمەڵێك نەخۆش بەکار هاتووە، بەڵام هێشتا کاریگەرییەکانی دەرنەکەوتووە و ڕەنگە لەڕۆژانی داهاتوودا کاریگەرییەکانی دەربکەوێت، کە هەر نەخۆشێك ڕەنگە بە جۆرێك کاریگەریی لێ بکات. موسا گوتیشی: هەر نەخۆشێك لە نەخۆشخانەکان پێویستی بەو دەرمانە هەبێت، بۆی بەکار دەهێنن و دەرمانەکەش بە هیچ شێوەیەك بە پارە نییە و بەخۆڕاییە و لەسەر ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، تەنها ئەوانەی بیانەوێت خۆیان بیکرن، دەچن لەدەرەوە دەیکرن، کە دەرمانەکە بە 165 دۆلارە، بەڵام پێویستە دکتۆری پسپۆڕ بڕیاری لەسەر بدات. ناوبراو ڕوونیشی کردەوە، لە ئێستادا دۆخی 100 نەخۆش لە شاری هەولێر بە هۆی نەخۆشیی کۆرۆناوە جێگیر نییە و بەردەوامیش چارەسەریان بۆ دەکرێت.

تۆپبارانی هێزەکانی تورکیا زیانێکی زۆری بە گیانداڕە کێوی و هەنگەکانی هاوواڵاتیان گەیاندووە

مسلم دۆلەمەری- بارزان:

وەك ئاشکرایە ماوەیەکی زۆرە هێزەکانی تورکیا بەچەکی قورس و فڕۆکەوە بەردەوام هێرش دەکەنە سەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بۆ سەر هێزەکانی پەکەکە، بەڵام بەداخەوە لەنێوان ئەم دوو هێزەدا هەمیشە هاوڵاتیان و گوندنشینەکانی هەرێمی کوردستان بە گیان و مادی تێدا زەرەمەند دەبن، نمونەش تۆپبارانکردنی سنووری ناحیەی شێروان مەزنە و زیانێکی زۆر بەم ناوچەیە گەیشتووە. لەم بارەیەوە شوکری سەکۆی وەك شایەد حاڵێك پێیڕاگەیاندین: لەدرێژەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر بارەگاکانی پەکەکە لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان ئەمجارە لە سنووری ناحیەی شێروان مەزن کە دەکاتە دەوروبەری گوندی لێر لەلایەن سوپای تورکیاوە تۆپباران کرا و زیانێکی زۆر بەدەوروبەری گوندەکە گەیشت و بووە هۆی سووتانی بەشێکی زۆر لە داروبارو لەوەڕگا و هەروەها زیانێکی زۆر بەر گیانداری کێوی و هەنگەکانی دانیشتوانی ناوچەکە گەیشتووە.



بەشەکانی ڕاوێژکاریی نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری دەکرێنەوە

دوای داخستنی بۆ چەند هەفتەیەك بەهۆی وەرگرتنی نەخۆشانی تووش بوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەنەخۆشخانەکەدا، نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری بڕیاری دا جارێکی ترو بە خشتەیەکی نوێ بەشەکانی ڕاوێژکاری نەخۆشخانەکەی بکاتەوە. ڕاگەیاندنی نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری بڵاوی کردەوە کە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە کردنەوەی بەشەکانی ڕاوێژکاری نەخۆشخانەکەمان بە خشتەیەکی دیاری کراو، داوا لە هاوڵاتیانی خۆشەویست دەکەین لە کاتی سەردانیکردنی ڕاوێژکارییەکان ڕێنماییە تەندروستیەکان جێبەجێبکەن بە بەستنی دەمامك و دەستکێش. **نەخۆشخانەکە ڕاشیدەگەیەنێت سەردانی کردن بۆ بەشەکانی ڕاوێژکاری بەم شێوەیە دەبێت:**
بەشی ڕاوێژکاری چاو: ڕۆژانی شەممەو دووشەممە. بەشی ئێسك و شکان: ڕۆژانی یەك شەممەو چوار شەممە. بەشی نەشتەرگەری گشتی: ڕۆژانی شەممەو چوارشەممە. بەشی هەناو: ڕۆژانی دوو شەممەو چوار شەممە. بەشی نەشتەرگەری مێشك و دەمار: ڕۆژانی یەك شەممەو چوار شەممە. بەشی قورگ و لوت و گوێ: ڕۆژانی یەك شەممەو سێ شەممە. بەشەکانی گورچیلەو میزەڕۆ: هەموو ڕۆژەکانی هەفتە نەخۆش دەبینن. بەشی چارەسەری سروشتی: هەموو ڕۆژەکانی هەفتە نەخۆش دەبینن.

کەنالێ پەروەردەیی یێ فێرکرن و پێشئێخستنا پرۆسا خاندنێ هاتەڤەکرن



خەبات- دهۆك: ژبو پێشئێخستنا پرۆسا پەروەردە و خاندن و زانینێ دوهی ل رێڤەبەریا گشتی یا پەروەردێ ل پارێزگەها دهۆکێ ب ئامادەبونا د.ئالان حەمە سەعید وەزیرێ پەروەردێ و د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهوکێ و عومەرعەلی تەها رێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردێ ل پارێزگەهێ و بەرپرسا رێکخراوا یونسێف و چەند بسپورێن پەروەردەیی تەلەفزیونا پەروەردەیی یا دهۆك هاتە ڤەکرن.

وەزیرێ پەروەردێ د کونگرەکێ رۆژنامەڤانیدا گوت: ئارمانج ژ سەرەدانا مە بو پارێزگەها دهۆکێ ئەوە ئەم ژنێزیك هایداری پروسا ئەنجامدانا ئەزمونێن قوتابییێن پولا 12ێ ئامادیی ببین وبو ڤێ مەرەمێ مە سەرەدانا چەند بنگەهان ل زاخو وسێمێلێ وسەنتەرێ دهۆکێ کر و مە دیت پروسە ب رێکوپێکی و ب رەنگەکێ نایاب برێڤەچیت، هەروسا ئەم دگەل رێڤەبەرێ گشتی و رێڤەبەریێن پەیوەندیدار رونشتین وژنێزیك ئاگەهداری کێم وکاسیێن پەروەردێ ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ بوین. هەروسا مە ب هەڤکاری دگەل رێکخراوا یونسێف تەلەفزیونا پەروەردەیی یا دهۆك هاتە ڤەکرن.

پەروەردەیی ل دهۆکێ ڤەکر کو دێ هەموو وانە وبەرنامە ب زارافێ بادینی هێنە پێشکێشکرن بو خزمەتکرنا قوتابی وماموستایان وپێشئێخستنا پروسا خاندنێ ل هەموو پارێزگەهێ .

هەروسا گوت: مە سەرەدانا قوتابییێن دەڤەرا شنگالێ کر ئەوێن ل دوڤ راسپاردێن سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بەرێز مەسرور بارزانی هاتینە دهۆکێ بو ئەنجامدانا ئەزمونان و جەنابێ سەروکێ حکومەتێ هەموو خەرجییێن حەواندن و هاتنوچونا وان قوتابیان ب ستویێ خۆڤەگرینە، مە وەکو وەزارەتا پەروەردێ ب هەڤکاری دگەل پارێزگەرێ دهوکێ ورێڤەبەریا گشتی یا پەروەردێ هەموو ئاسانکاری بو وان قوتابیان کرینە کو ژمارا وان (565) قوتابینە وهەموو کارێن وان باش هاتینە ئەنجامدان.

هەژی گوتنێیە تەلەفزیونا پەروەردەیی کەنالەکێ لوکالیە (HD) یە مەرەم ژدامەزراندنێ ئەوە خزمەتا قوتابی وموستا وپروسا پەروەردێ ب گشتی بکەت هەر ژقونا غا بنەرەتی هەتا قونا غا پەیمانگەهێ وپتر ژ(500) هزار قوتابی وماموستا ل سەرانسەری پارێزگەهێ دێ مفای ژێ بینن.

تەواوی یەکەکانی وێستگەی هەڵمی خەبات کەوتوونەتە کار



دوای کردنەوەی وێستگەی کارەبای خەبات لە 14ی تەممووز لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئێستا سەرجەم بەشەکانی وێستگەکە کەوتوونەتە کار.

لەم بارەشەوە دیار بابان، بەرێوبەری گشتیی بەرهەمهێنانی کارەباش لە وەزارەتی کارەبا دەڵێت: ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە رێگەی 10 وێستگەی کارەباوە زیاتر لە 3 هەزار میگاواتی کارەبا بەرهەم دەهێنرێت.

لە کاتێکیشدا پلانی زیادکردنی کاتژمێرەکانی کارەبا بۆ هاوڵاتیان لە رێگەی هەڵمەتی بڕینی کارەبای زێدەڕۆ و دانانی پێوەری زیرەك بۆ سیستەمی کارەبای نیشتمانی بەردەوامە، حسێن ئەحمەد، بەرێوبەری گشتی کارەبای هەولێرییش جەخت دەکاتەوە، بەستنی پێوەری زیرەك بۆ کارەبای نیشتمانی قۆناغێکی باشی بڕیوە، بە تەواو بونیشی ئەو 40%ەی کە لە کارەبای نیشتمانی بە فیرۆ دەڕوات، بڕێکی باشی دەگەڕێتەوە.

کارەبای نیشتمانی هەرێمی کوردستان لە رێگەی 10 وێستگەوە دابین دەکرێت، کە 4 وێستگەی کارەبا لە سلێمانی و 3 وێستگە لە هەولێر و دوو وێستگەش لە دهۆکن.

هەرێمی کوردستان پێویستی بە 4500 تا 5000 میگاواتی کارەبا هەیە، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان پێویستییان بە کارەبای مۆلیدە نەبێت، پلانیش دانراوە، لە ماوەی داهاتودا 3 وێستگەی دیکە دروست بکرێن، کە بە وزەی خۆر کار دەکەن و وێستگەیەکیش لە گەرمیان دروست بکرێت.

کارگە داخراوەکانی بواری پیشەسازی دەدرێنە کەرتی تایبەت

ئاراس شێخ ڕەئوف، بەڕێوەبەری گشتیی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: ژمارەیەکی زۆر کارگە لە هەرێمی کوردستان هەیە کە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ماوەیەکە لەکار کەوتوون و بەرهەمیان نییە، بۆیە بە ڕێنوێنی و ڕەزامەندیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەمانەوێت ئەو کارگانە بە هاوبەشیی کەرتی تایبەت وەگەڕ بخەینەوە. گوتیشی: بۆ ئەو مەبەستە بە چەند مەرج و ڕێنوێنییەك پێدانی ئەو کارگانە بۆ کەرتی تایبەت خراونەتە ڕوو و تا ئێستا ژمارەیەکی باشیان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە وەرگیراون و دەست کراوە بە نۆژەکردنەوە و کار تێداکردن و وەگەڕخستنەوەیان کە بەهۆیەوە وێڕای زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆ، سەدان هەلی کاریش دەڕەخسێنێت.

شارەوانیی دوو چاڵی شەقامەکانی سنووری خۆی قیرتاودەکاتەوە

خەبات- سەید فەخرەدین: لە درێژەی کارەکانی بەشی خزمەتگوزاریی شارەوانیی دوو، ئەو شەقامانەی چاڵیان تێکەوتووە چاکدەکرێنەوە. لەو بارەیەوە ئەندازیار شاکر محەمەدئەمین نانەکەلی، بەڕێوەبەری شارەوانیی دوو بە خەباتی ڕاگەیاند: ئێمە بە بەردەوامی بەدواداچوونمان هەیە بۆ ئەو شەقامانەی کە بە هەر هۆکارێك بێت چاڵ و قۆرتیان لێدروست بووە و کێشە بۆ هاوڵاتیان دروست دەکەن، بۆیە تیمی بەشی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکەمان لە هەڵمەتێکدا هەموو ئەو چاڵانە دووبارە قیرەدەکاتەوە. بەڕێوەبەری شارەوانیی دوو هەروەها ڕایگەیاند: داوا لە هاوڵاتیان دەکەین بە شێوەی زێڕێوی و نایاسایی ئاو بۆ باخچەی پێش ماڵان ڕانەکێشن، چونکە بە پێی یاسا زێدەڕۆییە و دواتر تووشی لێپرسینەوەی یاسایی دەبن و سزادەدرێن.

ڕۆژانی جەژن لە گەرمیان قەدەخەی هاتووچۆ ڕادەگەیەندرێت

دوێنێ ژووری ئۆپراسیۆنەکانی ئیدارەی گەرمیان کۆبوونەوە و 13 بڕیاری نوێیان تایبەت ڕۆژانی جەژن و خۆپارێزی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەرکرد. یەکێك لە بڕیارەکانیش پەیڕەوکردنی قەدەخەی هاتووچۆیە لە ڕۆژانی جەژن.

بەپێی ڕاگەیەندراوی ژووری ئۆپراسیۆنەکانی ئیدارەی گەرمیان ئەمڕۆ یەکشەممە 26-7-2020 دەرگەی مزگەوتەکان دەکرێنەوە و لە ڕۆژانی جەژنی قوربانیشدا (31ی تەمووز تاوەکو 2ی ئاب) بەمەبەستی ڕێگریکردن لە تێکەڵبوونی خێزانەکان و دروستبوونی قەرەبالخی، قەدەخەی هاتووچۆ پەیڕەو دەکرێت. هاوکات مەڵەوانگە، کافتریا و ڕێستۆرانتەکان، هۆڵەکانی لەشجوانی، پارکەکان و هۆڵی بۆنەکان دادەخرێن و ڕێوڕەسمی سەرقەبران و نۆژەژنە و پرسەی ماڵان ڕێگەیان پێنادرێت.

لەبارەی هاتووچۆی نێوان گەرمیان و پارێزگاکانی دیکەی عێراق و هەرێمی کوردستانیش، لە ڕاگەیێندراوەکەدا هاتووە هاتووچۆ لەنێوان گەرمیان لەگەڵ شار و شارۆچکەکانی دیکەی عێراق بە داخراوی دەمێنێتەوە، بەڵام هاتووچۆ لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەرێگەی ڕێگەپێدانی ئەلکترۆنییەوە بەردەوام دەبێت. بەپێی بڕیارە نوێکان، قامیقامیەتی قەزاکان ئاسانکاری دەکەن لە ڕێکخستنی داواکاری هاونیشتمانیان لە ڕۆژانی جەژندا و بەهۆی پێگەیشتنی بەروبوومی کشتوکاڵی و پێگەیشتنی بەرهەمی کێڵگە پەلەوەرییەکان، ڕێگە بە هەناردەیان دەدرێت. ژووری ئۆپراسیۆنەکانی ئیدارەی گەرمیان ئاماژە بەوەشدەکات، هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی فەرمی و نافەرمی بۆ هەر مەبەستێك بێت ڕێگەپێدراو نییە، ڕێستۆرانت، شیرینی و ساردەمەنییەکان دەبێت کەرەستەی سەفەری بەکاربهێنن و ڕێنماییە تەندروستییەکان جێبەجێ بکەن. هاوکات یاریگەکانی وەرزشی تاتان و هۆڵە وەرزشییەکان پێویستە بەبێ هاندەر چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن، بەپێچەوانەوە دادەخرێن.

ئەو بڕیارانەی ژووری ئۆپراسیۆنەکانی ئیدارەی گەرمیان لە کاژێر 12:00ـی شەوی 26ـ تەممووز تاوەکو کاژێر 12:00ـی شەوی 5ـی ئاب کاریان پێدەکرێت.

لە سنوری شارەزوور زیاتر لە پێنج هەزار دۆنم پوش و پاوان سووتا

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی باڵاوی کردەوە کە بەپێی هەینی ڕۆژی هەینی 24-7-2020 لەسنووری شارەزوور زیاتر لە 5000 دۆنم پوش و پاوان سوتا. لەڕاگەیاندراوێکدا کە وێنەیەك دەست ماپەری کوردستان تیڤی کەوتووە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی ڕایدەگەیێنێت: لە سنوری گوندەکانی دەربەن قەقرە، ئاوەکەلە ی سەر بە ناحیەی وارماوا ئاگرێکی بەرفراوان لە پوش و پاوانی سنورەکە کەوتەوە، لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە دەستبەجێ مەفرەزەیەکی بنکەی پۆلیسی دارستانی وارماوا گەیشتنە شوێنی ئاگرەکەو دوای هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر کە زیاتر لە سێ کاتژمێری خایاند توانیان ئاگرەکە بکوژێنەوەو کۆنترۆڵی بکەن، بەڕێوەبەرایەتیەکە دەشڵێت: زەرەرو زیانی ئاگرەکە مەزەندە دەکرێت بە سوتانی زیاتر لە 5000 دۆنم پوش و پاوان و داری سروشتی.



پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، خانەوادەی حاجی شۆرژ خەیلانی
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری عەشیرەتی خەیلانی(حاجی شۆرژ)مان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە هەموان ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

* * *

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێز، کامەران عەزیز مەولود
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کوچی دوایی کاکە(محەمەد) کوڕی بەڕێزتانمان پێگە یشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین ڕۆحی کاکە محەمەدی جوانەمەرگ بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و خزم و کەسوکارتان ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

* * *

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، خانەوادەی مامۆستا مەلا ئەحمەدی هودا
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ئایینی و ڕۆشنبیری شاری سلێمانی(ئەحمەد مەحمود حەمدی) ناسراو بە(مامۆستا مەلا ئەحمەدی هودا)مان پێگە یشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموان ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

* * *

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، خانەوادەی مامۆستا ئەحمەد حەمە سالح
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول(محەمەد حەمە سالح)مان پێگەیشت.
هاوبەشی خەمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و ئارامی بە ئێوە و خزم و کەسوکارتان ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

* * *

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، خانەوادەی شێخ کەریم گلێجاڵی
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و باوکی هەردوو شەهید(حەمەی شێخ کەریم و عەزیز شێخ کەریم)مان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو(شێخ کەریم گلێجاڵی) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

* * *

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، خانەوادەی مام ڕەسوڵ سارمە هێرۆیی
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری قەڵادزێ و پشدەر(مام ڕەسوڵ سارمە هێرۆیی)مان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆستان دەزانین.
لەخودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

* * *

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان
هەڤاڵی بەڕێز حاجی جەمال
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خاتوو ئامینە محەمەد ئەمینیان پێگەیشت.
بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم کەسوکار و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.
لە خوای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی دایکی کۆچکردوویشتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.
انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسیی

* * *

هەڤاڵ و میدیاکاری بەڕێز لوقمان ڕەشیدی
خەمبارباوویین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان، لەم بۆنە خەمناکەدا هاوبەشی خەمیتانین و پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە و سەرجەم کەسوکار و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی دایکی کۆچکردوویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.
انا لله وانا الیه راجعون
دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان



بەدواداچوون / ڕۆشنا عەلی

لە سەرەتای دەسپێکی تاقیکردنەوەکانەوە وەزارەتی پەروەردە چەند ڕێنماییەکی تایبەتی بە مەبەستی سەرخستنی تاقیکردنەوەکان دەرکرد و یەکێکیش لەوانە سەردانی نەکردنی بەرپرسان و سەرپەرشتیاران بوو بۆ ناو هۆڵەکانی تاقیکردنەوەکان ، بەجۆرێك تەنها سەردانی کارگێڕی ناوەندی تاقیکردنەوە بکەن، ئەم بڕیارەش ناڕازیبونی بەشێك لە سەرپەرشتیارانی لێکەوتەوەبەشێکیان پێیان وایە لە ڕۆڵیان کەمکراوەتەوە ، پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا نەچوونی سەرپەرشتیار بۆ ناو هۆڵەکان لە ڕۆڵیانی کەمکردۆتەوە؟ ئایا ئەرکی سەرپەرشتیار لە ناو هۆڵ و دەرەوەی هۆڵە؟ ئەو کێشانە چین کە بەبێ بوونی سەرپەرشتیار لەناو هۆڵی تاقیکردنەوە چارەسەر نابێت؟ چەند پرسێکی تر بابەتی ئەم بەدواداچوونەمان بوو؛

سەرپەرشتیاران : خراپی بژمێرەی قوتابیان و نەبوونی کارەبا و قەرەبالغی هەندێک هۆڵ کێشەی بەرچاوی تاقیکردنەوەکانن

ڕێگا نەدان بەسەردانی سەرپەرشتیاران بۆ ناو هۆڵی ئەزموونی تاچەند ڕۆڵیانی لە تاقیکردنەوەکاندا کەمکردۆتەوە



ژیان سالح،
سەرپەرشتیار لە پەروەردەی سلێمانی:

پێم وایە ڕۆڵی سەرپەرشتیاران ئەگەر لە ساڵانی پێشوو زیاتر نەبێت کەمتر نییە.

جیاوازی تاقیکردنەوەکان

دەربارەی جیاوازی تاقیکردنەوەکان بەبەراورد بە ساڵانی ڕابردوو لە ڕووی ڕۆڵی سەرپەرشتیارانەوە سەرپەرشتیارێك ئامادە بوە دەدات کە ئەو هیچ جیاوازییەك نابینێت ، ژیان صالح سەرپەرشتیاری پسپۆڕی زمانی عەرەبی لە پەروەردەی سلێمانی بۆ خەبات وتی : وەك خۆم هیچ جیاوازییەك نابینم لەڕووی تەکنیکی هونەری تاقیکردنەوەکان و هەروەك ساڵانی ڕابردوو لیژنەکان دیاریکراون لە وەزارەت و لە پەروەردە گشتییەکان و ناو شارو قەزاکان ،هەر پەروەردەیەکیش هەستاوە بە دابەشکردنی قوتابیان بەسەر هۆڵەکانی تاقیکردنەوەکان وچەند بنکەیەکیش پێکهێناوە وهەربنکەیەك

سەرپەرشتیارانی کەمکردۆتەوە نەك ڕۆڵیان ئەو بۆ خەبات وتی : ڕاستە زۆربەی سەرپەرشتیاران نیگەرانن لەو بابەتە و هەموو شتێك لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە ئەرێنییەکان وەك ئەرکی سەرشانی سەرپەرشتیارانی کەمکردۆتەوە نەرێنییەکان وەك سەرپەرشتیار نازانێت لەناو هۆڵەکانی تاقیکردنەوە چی ڕووەدات؟ پێشتر سەرپەرشتیار ڕاستەوخۆ چاودێری بەڕێوەبەری هۆڵ مامۆستایانی چاودێر و قوتابیانی دەکرد، ئێستا دەبێت لە یاریدەدەری بەڕێوەبەری هۆڵ بپرسێت لە ڕووەوە چ دەگوزەرێت، ناتوانێت دڵنیابێت کە ئایا مامۆستایان مۆبایلیان بردۆتە ناو هۆڵی تاقیکردنەوەکان یان نا؟ ئایا قوتابیان بەیەکتر دەڵێنەوە یان گزی



مامۆستا ئەحمەد،
سەرپەرشتیار لە پەروەردەی کۆیە:

دەبێت سەرپەرشتیار لە یاریدەدەری بەڕێوەبەری هۆڵ بپرسێت لە ژووڕەوە چی دەگوزەرێت؟

کۆمەڵێك هۆڵ لەخۆ دەگرێت کە کارئاسانی زۆری بۆ سەرپەرشتیاران کردووە تەنها کێشەیەك کە لە تاقیکردنەوەکاندا هەبوو ئەویش کێشە لە حاسیبەکانی قوتابیان هەبوو کە هەندێکیان لە کارکەوتوون ، خاڵێکی تریش زیادکردنی بنکەیە بۆ زیاد کردنی هۆڵ و کەمکردنەوەی قەرەباڵغی ناو هۆڵەکان، پێشم وایە ڕۆڵی سەرپەرشتیاران ئەگەر لە ساڵانی پێشوو زیاتر نەبێت کەمتر نییە .


دەرەوەی هۆڵ

دەربارەی ئەوەی کە ئایا بژچی سەرپەرشتیاران لە کەمبوونەوەی ڕۆڵیان نیگەرانن م . ئەحمەد محەمەد سەرپەرشتیاری پسپۆڕی وەرزش لە پەروەردەی کۆیە ئامادەی بەوەدا کە ئەم بڕیارە ئەرکی سەرشانی



شەکراو بارام،
سەرپەرشتیار لە پەروەردەی دەوروبەری هەولێر:

ئەگەر نیگەرانیەك دروست بووبێت تەنها لە دڵسۆزی سەرپەرشتیارە بۆ کارەکەی کە دەیەوێت هیچ کەم و کوڕیەك نەبێت.



نەجمەدین حەسەن،
سەرپەرشتیار لە پەروەردەی سۆران:

بەسەردانیکردنی سەرپەرشتیاران باری ناو هۆڵ لەهەموو ڕوویەکەوە دەزانێ بۆیە سەردانیکردنیان بەتەوای ڕێنمایی تەندروستی بۆ ناو هۆڵی ئەزموونی زۆر پێویست بوو.



نەزەر حەسەن،
سەرپەرشتیار لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر:

نەچوونی سەرپەرشتیاران بۆ ناو هۆڵەکان هەڵە تێگەییشتنێك بوو، وەزیری پەروەردە ڕوونکردنەوەیەکی نارد بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەرپەرشتیکردنی پارێزگاکان و تێدا دەسەڵاتی زیاتری دا بە سەرپەرشتیاران.



هەوار سەعید،
بەڕێوەبەری هۆڵێکی ئەزموونی:

سەرپەرشتیار بێنە ناو هۆڵ یان نا هیچ جیاوازییەکی نییە و دەسەڵاتیان هیچ کەمی نەکردووە.



فایەق محەمەد،
سەرپەرشتیار لە پەروەردەی دهشتی هەولێر:

بوونی سەرپەرشتیار بە بەردەوامی لە ناو هۆڵەکەدا لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری هۆڵ کەمدەکاتەوەو لە زۆربەی شتەکاندا پشت بە سەرپەرشتیار دەبەستێت کە ئەمەش زۆر تەندروست نییە.

تەندروستی بۆناوهۆڵی ئەزموونی زۆر پێویست بوو سەبارەت بەکێشەکان کەساڵانە دووبارەدەبنەوە کەم و زیادی هەیە لەدانانی مامۆستایانی چاودێر، نەبوونی فێنکەرەوەی پێویست ، لەگەڵ مولیدەی کارەبا بۆهۆڵی ئەزموونی لەکاتی بڕانی کارەبای نیشتیمانی بە تایبەتی لە گوندەکان ،هەروەها جهاز قطع الشبکە زۆربەیان کۆنن و لەکارکەوتوون ، بۆیە پێویستە بۆساڵی داهاتوو ئامێری نوێ دابین بکرێن .

مامۆستای چاودێری ئافرەت کەمە لەوهۆڵانەی قوتابی کچی تێدایە ، بۆیە پێویستە چاودێری ئافرەت زیاد دابندرێ ، چونکە زۆرجار قوتابی کچ حاڵەتی(نەخۆشی ،لەهۆش خۆچوون.... هتد) تووش دەبێ لەناوهۆڵدا ، زۆربەی بژمێری قوتابی کۆنن و کاریان پێ ناکرێ ،زۆرجار قوتابی داوای بژمێری تر دەکا ، چونکە لەکارکەوتوون ، فێنککەرەوە و هەندێ کات کارەباش لە هۆڵەکان خۆی کێشەیە .

مامۆستا فایەق محەمەد سەرپەرشتیاری پسپۆڕی زمانی کوردی لە پەروەردەی دهشتی هەولێر لەبارەی سەردانی سەرپەرشتیاران ئاماژە بەوە دەدات کە دەبێت بەڕێوەبەری هۆڵیش دەسەڵاتی خۆی

هەبێت ئەو لەمبارەیەوە وتی : بەڕای من نەچوونی سەرپەرشتیار بۆ ناو هۆڵەکان کەمکردنەوەی دەسەڵات نییە ،چونکە لە ساڵانی پێشتر واتە نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستا کە سەرپەرشتیاران دەسەڵاتیان لە ئێستا زۆرتر بوو لە حەوت ڕۆژی تاقیکردنەوەکان تەنها جارێك و بۆ هیوادارین بۆساڵانی داهاتوو بەپلان و ستراتیجیەتی نوێ و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەڕاپۆرت بەرزدەکرێنەوە لەلایەن شارەزایانی پەروەردە خزمەتی نەوەی داهاتووی نیشتمانی خۆمان بکەین .

دواخستنی تاقیکردنەوەکان

لە ڕووی ڕۆڵی سەرپەرشتیارەوە مامۆستا نەزەر حەسەن سەرپەرشتیاری کارگێڕی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆخەبات ئاماژەی بەوەدا کە: دواخستنی تاقیکردنەوەکان و پەتای کۆرۆنا جیاوازی زۆری تاقیکردنەوەکانی ئەمساڵ بوو ئەو وتی : بێ گومان جیاوازی هەیە لە ڕوی تەندروستیەوە و جێبەجێکردنی ڕێنمایەکانی تەندروستی ئەرکێکی زیاتری خستوەتە ئەستۆی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری هۆڵەکانی تاقیکردنەوە ، هەروەها دواخستنی تاقیکردنەوەکان بەهۆی پەتای کرۆناوە کاریگەری خۆی هەبوو لە ڕووی گەرمی کەش و هەواوە لەسەر کۆی گشتی پرۆسەی تاقیکردنەوە بە سەرپەرشتیارانیشەوە لە ڕووی نەچوونی سەرپەرشتیاران بۆناو هۆڵەکان هەڵە تێگەییشتنێك ڕویدابوو . بەڵام جەنابی وەزیری پەروەردە بەڕێز د . ئالان دەست بەجێ خۆی هاتە سەر خەت و ڕونکردنەوەیەکی نامەی دەنگی نارد بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەرپەرشتیکردنی پارێزگاکان و هەموو سەرپەرشتیاران ، تێدا دەسەڵاتی تەواوی ناوهۆڵ و دەرەوەی هۆڵەکانی ئەزموونی و هەموو کارێکی پێویستی دا بە سەرپەرشتیاران بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکانی قەزاکان واتە دەسەڵاتی زیاتری دا بە سەرپەرشتیاران.

دەربارەی ئەو کێشانەشی ساڵانە لە تاقیکردنەوەکاندا دووبارە دەبنەوە مامۆستا نەزەر وتی : ئەو کێشانە زیاتر پەیوەندی بە دارایی‌یەوە هەیە وەك نوژەنکردنەوەی هۆڵەکانی ئەزموونی و دروستکردنی چەند هۆڵێك لەو گەرەکانەی کە ڕێژەی قوتابیان زۆرە و هۆڵەکان بەشیان ناکات وبە ناچاری قوتابیان لە مەمەڕەکانی قوتابخانەکان تاقیکردنەوە ئەنجام دەدەن . جگە لە کۆنی و نەبوونی کەرەستەکانی فایرۆسی ناوبراوبێ، دەتوانرا ئەوانیش (سەرپەرشتیاران) بەتەواوی ڕێنمایی تەندروستی وەکو ستافی ناوهۆڵی ئەزموونی مەبەستم (بەڕێوەبەری هۆڵ ، یاریدەدەر،چاودێران) سەردانی ناوهۆڵی ئەزموونیان بکردایە ، چونکە بەسەردانیکردنیان باری ناوهۆڵ دەزاندرێ لەهەموو ڕوویەکەوە ئەداو شارەزای بەڕێوەبەر لەڕەخساندنی کەش وهەوایەکی لەبار، شارەزایی یاریدەدەران ، دانانی چاودێرانی ناوهۆڵی ئەزموونی چۆنیەتی هەڵس و کەوتیان لەناوهۆڵ هەموو ئەمانەی باسکران سەرپەرشتیارەدەتوانێ تێبینی لەسەریان هەبێ کەسەردانی هۆڵ دەکات، بەڵام کەسەردان ناکا گوایە دەنگەدەنگ و کەش و هەوای ناوهۆڵی ئەزموونی دەشێوێ من لەگەڵ نیم. چونکە تێبینیەکانی لەسەرەوەباس کران وەکو پێویست جێ بەجێ ناکرێن،لەگەڵ ڕێزمان بۆهەندێ بەڕێوەبەرو یاریدەدەران و چاودێرانی دڵسۆز، بۆیە سەردانیکردنی سەرپەرشتیاران بەتەوای ڕێنمایی تەندروستی بووبێت تەنها لە دڵسۆزی سەرپەرشتیارە بۆ کارەکەی کە دەیەوێت هیچ کەم و کوڕیەك نەبێت و پاڵپشتی بەڕێوەبەرەکان بن ،چونکە هەموو تەواو کەری یەکترین ، ئەوەندەی من ئاگادارم کێشەیەکی وا دروست نەبووە شایانی باسکردن بێت هەرچەندە کات ماوە بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی پرۆفیشنااڵ هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین ، نەچوونی سەرپەرشتیاران بۆ ناو هۆڵی تاقیکردنەوەکان وەك پابەند بوون بووە بە ڕێککەوتنی تەندروستی و خۆپارێزی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرپەرشتیاران ڕۆڵی خۆیان هەبووە لە پڕۆسەی بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەکان .

جێبەجێنەکردن وەک خۆی

دەربارەی ئەوەی کە ئایا بەبەراورد بە ساڵانی ڕابردوو و تاقیکردنەوەکانی وەرزی دووەم چ جیاوازییەك هەیە کێشەکانی کامانەن؟ سەرپەرشتیارێك ئامادە بەوە دەدات کە تاقیکردنەوەکان بە هۆی پەتای کۆرۆنا ئەمساڵ زۆر جیاوازترە لە ساڵان ،مامۆستا نەجمەدین حەسەن عەزیز سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران بۆ خەبات وتی : سەبارەت بەڕۆڵی سەرپەرشتیاران بەرووارد بەساڵانی ڕابردوو ئەمساڵ جیاوازە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا کەخودی جەنابی وەزیرو ستافی پەروەردەی گشتی و پەروەردەی قەزاکان و سەرپەرشتیاران ناتوانن سەردانی هۆڵەکانی ئەزموونی بکەن ، بۆیە سەرپەرشتیاران ئێستا تەنها پرسیارەکان لەلیژنەی پەروەردەی خۆیان وەردەگرن و بەسەر هۆڵەکان دابەش دەکەن و دواتر گەراندنەوەیان بۆلیژنەی ئەزموونی پەروەردەی خۆیان بۆیە ڕۆڵی تەواوی ناوهۆڵی ئەزموونی وەکو پێویست جێ دەکەن؟ بۆیە نەخێر سەرپەرشتیار ناتوانێت لە دەرەوەی هۆڵ کارەکانی بەرێك و پێکی ئەنجام بدات.

ئەرکێکی جیاواز

دەربارەی ئەوەی کە ئایا چ کێشەیەك لە ناو هۆڵەکاندا ڕووەدەدن کە ئەرکی سەرپەرشتیارە چارەسەری بکات و نەچوونە ناو هۆڵ ڕێگرە لە چارەسەرکردنی ؟ مامۆستا شەکراو بارام سەعدی سەرپەرشتیاری کارگێڕی لە پەروەردەی دەوروبەری هەولێر بۆ خەبات وتی: سەرپەرشتیار لە هەموو کات و شوێنێك ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە فاکتەرێکی گرنگە لەناو پرۆسەی خوێندن هەرچەندە ئەمساڵ وەك ساڵانی پێشوو لەناو هۆڵی تاقیکردنەوەکان نەبووین، بەڵام سەرپەرشتیاران بە شێوەیەکی کە ڕۆڵی خۆیان بینیوە، ئەگەر ماوەی چارەکە سەعاتێك دەمایەوەو دەسەڵاتی تەواویشی هەبوو، بەڵام ئەگەر ئێستا بەبەردەوامی سەرپەرشتیار لە ناو هۆڵی تاقیکردنەوەکان نەبێت لەوانەیە نەزانێت لەناو هۆڵەکەدا چ دەگوزەرێت کەچی ئەمەش ئیجابیاتی خۆی هەیە کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری هۆڵ دەگەڕێتەوەو دەتوانێت بە ئازادانە بەکاری بهێنێت، چونکە بوونی سەرپەرشتیار بەبەردەوامی لە ناو هۆڵەکەدا لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری هۆڵ کەمدەکاتەوەو لە زۆربەی شتەکاندا پشت بە سەرپەرشتیار دەبەستێت کە ئەمەشیان زۆر تەندروست نییە.

بەڕێوەبەری هۆڵێکیش ئاماژە بەوەدەدات کە سەرپەرشتیار بێنە ناو هۆڵ یان نا هیچ جیاوازییەکی نییە و دەسەڵاتیان هیچ کەمی نەکردووە مامۆستا هەوار سەعید بەڕێوەبەری هۆڵی ئەزموونی لەمبارەیەوە وتی؛ هەندێك سەرپەرشتیار هەیە ڕێزی بەڕێوەبەر ئەگەرن و تەداخولی ئیشەکانیان ناکەن ئەگەر سەرپەرشتیاریش سەردانی هۆڵە ئەزموونییەکان نەکەن هیچ کێشەیەك بۆبەڕێوەبەری هۆڵ دروست نابێت.







یادی چلەی ماتەمینی هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمرمامۆستا (مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی)

مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی ژیانی پڕبوو لە خەبات و تێکۆشان و لە پێناو گەلەکەیدا ژیاوە



خەبات: قەزای سۆران- سەفەر ژاژۆکی

کاروانی تێکۆشان و خەباتی گەلی کوردستان زۆر سەرکردە و شۆڕشگێری تیا هەڵکەوتووە کە بە تێکۆشانەکانیان لاپەڕەکانی مێژوویان دەوڵەمەندتر کردووە، یەکێکی تر لەو خەباتکارە قارەمانانە کە تەواوی ژیانی خۆی لە پێناو گەلەکەی تەرخان کربوو ئەویش فەرماندەی ماندوونەناس و قارەمانی داستانەکان و کەسایەتی دیار و هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەییەکە خەبات و تێکۆشانی پڕە لە سەروەری.

خوالێخۆشبوو (محەمەدئەمین مەلا حاجی مەحمود) ناسراو بە مامۆستا (مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی) ساڵی 1939 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە گوندی گوێزلینگە سەر بە قەزای چۆمان سەربە دەڤەری باڵەکایەتی لە دایکبووە، لە تەمەنی لاویەتی هزری کوردایەتی دەچێتەی ناخی دڵی دا، ساڵی 1961 کە بارزانیی نەمر بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ دەڤەری بارزان ،خوالێخۆشبوو لە هەولێر سەرباز بووە و رایکرد و گەرایتەوە بۆ گوندی (گوێزلینگ) سەربە دەڤەری باڵەکایەتی، لە دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول چەکی لە شان کردووە و دەبێتە یەکێك لە پێشمەرگەکانی سەرەتایی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بۆ پاراستنی خاکی کوردستان ورژڵی هەبووە لە چەککردنی چەند بنکەی پۆلیسی گەڵاڵە و چەند شوێنی تر، و لە مانگی ئ‌ی 1962 بارزانیی نەمر لە بادینان پەریبیەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، لەگوندی بێشا (مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی) چوویتە خزمەتی مستەفا بارزانی نەمر، لەبەر ئازایەتی و لێهاتووی دەبێتە ئەندامی بەشی سەربازی ناوچەی باڵەك، ساڵی 1963 دەبێتە ئەندامی کارگێری ناوچەی باڵەك بووە و شەهید نەجمەدین گورژنی بەرپرسی لیژنەکە بوو. (مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی) بەشداری لە شۆڕشی گوڵان دەکات، فەرماندەیەکی نزیکی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بووە لە شۆڕشی گولاندا ، لە ساڵی تاکو 1981-1988 دەبێتە ئەندامی لقی هەولێر و لەو لقەدا لەگەڵ پێشمەرگەکان بەشداری لە داستانی خواکورك ساڵی 1988 دەکات و لەوێدا بریندار دەبێت و دوای چارەسەری برینەکانی دەگەڕێتەوە بۆ خزمەتی پێشمەرگایەتی و دواتر دەبێتە ئەندامی بەشی دارایی حیزب، ساڵی 1991 وەك فەرماندەیەکی گیانفیدا بەشداری لە راپەرینی کوردستان دەکات لە دەڤەری سۆران و هەولێر، هەروەها کارگێری لقی 10ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە سۆران. ساڵی 2000 کراوە بە ئەندامی دەزگای ئەیلوول لە سۆران و ساڵی 2007 گواستراوەتەوە بۆ دەزگای باڵای ئەیلوول لە شەقڵاوە، ،لەبەر خەبات و ماندووبوونی لە کونگرەی13ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی مەدالیای بارزانیی نەمر پێ بەخشراوە.

بۆ یادی چلەی ماتەمینی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی لە قەزای سۆران چاوەم بە کەسوکار و هاوسەنگەری جێهێشت، خاتوو سارا تەنها هاوژینی خوالێخۆشبوو نەبوو بەڵکو دۆست و هەڤاڵ و پاڵپشتی رۆژە سەختەکانی بوو کە جیا لە ئەرکی پێشمەرگەیاتی، ئەرکی پەروردە و بەخێو کردنی ٧ منداڵی (2کچ و 5 کور) لە ئەستوو بوو لە شاخ و لە ئاورایی لە وڵاتی ئێران و ژیانێکی پڕ لە مەینتدا هاوشان و هەڤاڵی مامۆستا بو و.



مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی هەموو جار دەیگوت:

«زۆر سەربەرزم بە خەباتی خۆم پێشمەرگایەتی کە تەنها بۆ ڕێبازی بارزانیی نەمر ئامادەی گیانفیدا کردن بووم چونکە تەنها ئەو ڕێبازە خزمەتی بە کوردستان کرد و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی درێژە پێدەری ڕێبازی باوکی و برای سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانییە».

مامۆستا مەلامحەمەدئەمین کەسێکی ڕۆشنبیربوو، دەستی نووسینی گوێزلێنگەیی دۆستێکی نزیکی من بوو، ئەو تەواوی ژیانی خۆی لەپێناو کوردستان بەخت کرد، ئەو سیمبولی خەبات و تێکۆشان بوو». هەروەها لە پەیامی سەرەخۆشی بۆ کەسوکاری خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی، بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستا پسنی خەباتی دوروودرێژی خوالێخۆبوو کرد.

مەلامحەمەدئەمین گوێزلێنگەیی زیاتر لە نێو سەدە خەباتی کرد لە پێناو ئازادی کوردستان و هەردەم خۆی بە پێشمەرگەیکی دڵسوز و بە وەفای ڕێبازی پیرۆزی بارزانی دەزانی بۆیەش بەردوام دەیگووت: «ڕێبازی بارزانیی نەمر، ئەوندە پیرۆزە، بۆیەش تەواوی ژیانی خۆمم پێشکەش بەم ڕێبازە پیرۆزە دەکەم، شانازی دەکەم کە پێشمەرگەی بارزانیی نەمر بووم».

مامۆستا مەلامحەمەدئەمین گوێزلێنگەیی لە کاتی بەشداری شەڕکاندا تەنها یەك پەیامی هەبوو بۆ خێزان و خانەوادەکەی ئەویش ڕادەست کردنی منداڵەکانی بوو بە جەنابی سەرۆك بارزانی، چونکە جەنابی سەرۆك و بنەماڵەی بارزانی بە نزیکترین کەس و کاری خۆی دەزانی و دەیگووت: «ئێمە ڕۆلی ئەوانین» . مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگی لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی و کۆمەڵایەتی دا وەکو مرۆڤێکی سادە ڕەفتاری دەکرد، هەردەم دەیگوت: «ڕێزو تەقدیر گرتن لە مرۆڤەکان یەکێك بوو لە سیفەتە بەرزو گەورەکانی بارزانیی نەمر و ئێمەش لە ژێر روشنایی بیرو باوەڕی بارزانیی نەمر دا پەروردە بووین و بۆیەش ناو و بیرو باوەڕ و هەڵسوکەوتی بارزانیی نەمر قوتابخانەیەك بوو بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەی خەباتیان کرد لە پێناو ئازادی و بە دەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد.

خو ا لێخۆ شبو و ما مۆ ستا (مەلامحەمەدئەمین گوێزلێنگەیی) پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆك بارزانی هەبووە، لەمبارەیەوە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو گوتیان:

مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی دوایی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر، پەیوەندیکی نزیکەی لەگەڵ سەرکردەی هەمیشە لە یاد کاك ئیدریس بارزانی دا هەبوو، کاك ئیدریس بارزانی متمانەی زۆری بە دڵسۆزی و تواناکانی هەبوو و هەربۆیەش لە ساڵی 1983 داوای لە مامۆستا دەکات ببێتە بەرپرسی ئێداڕە لە بارەگای هەمیشەلە یاد کاك ئیدریس بارزانی و هەروەها پەیوەندیەکانی لەگەڵ جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی کە میژوویەکەی دەگرێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، و لە ژیر فەرمانی جەنابی سەرۆك مسعود بەرپرسیارەتی جیاوازی پێ ڕادەسپێردەرێت و هاوشان لەگەل سەرۆك بارزانی بەشداری دەکات لە ئازادی کردنی کوردستان لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991.


خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی لە دوای خۆی خاتوو (سارا یوسف) ی خیزان و هاڕشان و هاوسەنگەری جێهێشت، خاتوو سارا تەنها هاوژینی خوالێخشبوو نەبوو بەڵکو دۆست و هەڤاڵ و پاڵپشتی رۆژە سەختەکانی بوو کە جیا لە ئەرکی پێشمەرگەیاتی، ئەرکی پەروردە و بەخێو کردنی ٧ منداڵی (2کچ و 5 کور) لە ئەستوو بوو لە شاخ و لە ئاورایی لە وڵاتی ئێران و ژیانێکی پڕ لە مەینتدا هاوشان و هەڤاڵی مامۆستا بو و.

مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی هەموو جار دەیگوت:

«زۆر سەربەرزم بە خەباتی خۆم پێشمەرگایەتی کە تەنها بۆ ڕێبازی بارزانیی نەمر ئامادەی گیانفیدا کردن بووم چونکە تەنها ئەو ڕێبازە خزمەتی بە کوردستان کرد و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی درێژە پێدەری ڕێبازی باوکی و برای سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانییە».

مامۆستا مەلامحەمەدئەمین کەسێکی ڕۆشنبیربوو، دەستی نووسینی هەبووە بە تایبەتی لە مێژوو و زۆر جار یادی داستانەکانی دەنووسی و لە رۆژنامەی خەبات بڵاوەدەبوویەوە. بەر لە کۆچی دوایی پەرتووکێکی مێژووی پێشمەرگایەتی ئامادە دەکرد. هەروەها لە ساڵی 2014 سەنگەری پێشمەرگایەتی لە میحوەری گوێر و مەخموور چاوەم پێ کەوت کە بە نەخۆشییەوە هاتبووە سەنگەر و هانی پێشمەرگەکانی دەدا کە خۆراگر بن و دەیگوت: « تیرۆریستانی داعش شکست دەخۆن و پێشمەرگە کوردستان دەپارێزێت و هەموو جیهان شانازی بە سەرۆك بارزانی و ئێوەی پێشمەرگە دەکات».

دوای ململانێکی زۆر سەخت لەگەڵ نەخۆشی، رۆژی 17-6-2020 مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی کۆچی دوایی کرد، لەچلەی ماتەمینی خوالێخۆشبوودا، پەیمان دووپات دەکەینەوە لە سەر ڕێبازی بەردەوام ببین بۆ خزمەتکردن بە ڕێبازی بارزانیی نەمر، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی پێشمەرگە و فەرمانده و هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر مامۆستا مەلامحەمەدئەمین گوێزلێنگەیی وگشت شەهیدانی کوردستان سەروەریان بارزانیی نەمر و کاك ئیدریسی هەردەم لەیاد.




مامۆستا مەلامحەمەدئەمین گوێزلێنگی پێشمەرگەیەک کە هەموو تەمەنی بۆ کوردستان ژیا

وەیسی سەعید وەیسی*

چل رۆژبەرلە ئێستا پێشمەرگەی دیرێنی هەردوو شۆرشی ئەیلوول وگوڵان وهەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر مامۆستا مەلامحەمەدئەمین گوێزلینگی گەیشتەوە کاروانی نەمران. مامۆستای ڕەحمەتی یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی هەرلە سەرەتای لاویەتیەوە تێکەل بە ژیانی سیاسی و کوردایەتی دەبێت و پەیوەندی بەرێزەکانی پارتی و شۆرشی مەزنی ئەیلوول دەکات وەدەبێتە پێشمەرگە لە رۆژە سەختەکاندا بوێرانە بەرگری لەکوردووە لە زۆرداستان وقارەمانیەتی دا بەشداردەبێ .ڕەحمەتی یەکێك بوو لەو تێکۆشەرانەی دەڤەری باڵەکایەتی کەبەبێ دابران لەماوەی (60)ساڵ دا بەشداری لە هەردو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵانی کردووە وە دوای نسکۆش نەی توانی چۆکی پێ بدات بۆیەش ژیانی ئاوارەیی هەلدەبژێرێت هەر لە گەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵانیش جارێکی تر بە هەمان ڕوحیەتی شۆڕشی مەزنی ئەیلول چەکی کوردایەتی دەکاتەوە شان ولەگەڵ مەفرەز سەرەتاییەکان گەڕاوەتەوە شاخ وچیا و دۆلەکانی کوردستان دەکاتە مالّی هەمیشەیی وهەر ئەرك و بەرپرسیارەتێکیشی پێ دەسپێرن خۆنەویستانەو دڵسۆزانە ئەنجامی دەدات، تەنانەت لەداستانی بەناوبانگی (خواکورك)ڕۆلی گرنگی خۆی بینی. هەر لەرۆژانی دەستپێکی ڕاپەرینیش بەجۆش وخرۆشەوە دەگەڕێتەوە کوردستان رۆڵی بەرچاوی هەبووە لەئازادکردنی زۆربەی شاروشارۆچکەکانی سنوری پارێزگای هەولێر. لەدوایشدا بە خەبات وکۆڵنەدانی خۆی توانی زۆر سەرکەوتووانە پلەکانی کاروانی پارتایەتی ببرێت ودڵسۆزانە لەهەرپلە وپۆستێکدا بێت کارەکانی ئەنجام داوە. مامۆستا شۆڕشگێرێکی خوڕاگرو و خۆشەویستی جەماوەر بووە لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا نموونەی دڵسۆزی وکەسایەتی پاك و سادە و لەخۆبوردوو و کۆمەڵایەتی ومەجلیس خۆش وچاکە خوازبووە. مامۆستا مەلامحەمەدئەمین گوێزلێنگی شاسوارێکی بە وەفای کوردستان و ڕێبازی بارزانی بوو کە تەنیا بۆ کوردستان ژیا، خاوەنی وەفاو بەڵێنی خۆی بوو، بەجۆرێك چۆن لەیەکەم چرکەساتی پێشمەرگایەتی دابەڵێنی دابوو بەخوای گەورە و بارزانیی نەمر و کوردستان و بە خوێنی شەهیدان تا کۆچکردنیشی هەرخاوەنی بەڵێنی خۆی بوو بۆ یەك چرکەساتیش نەی پساندو نەگۆڕا، ماندووبوونی نەدەناسی، هەرئەمەش بوو هەمیشە جێگای ڕێزو بڕوای بارزانیی نەمری باوك و کاك ئیدریس بارزانی وسەرۆك مسعود بارزانی وسەرکردایەتی پارتیمان بوو، بۆیەش لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی مەدالیای بارزانیی نەمر پێ بەخشرا. مامۆستای ڕەحمەتی پیاوی مەردی ڕۆژانی سەختی تێکۆشانەو خەمخۆرێکی ڕاستەقینەی کوردستان و ڕێبازی بارزانیی نەمر بوو تا دوا وێستگەی ژیانی داکۆڵی نەدا، لەدەستدانی خەسارەتێکی گەورەبوو بۆیەش ئەم جۆرەکەسانە بەتەنها مولکی بنەماڵەکەی نەبوو بەڵکو مولکی هەموو کوردستانیان بوو، بۆ هەمیشە ناوی بەزیندوویی لە بیروهۆزری ڕێبوارانی ڕێبازی بارزانیی بەنەمری دەمێنێتەوە. لەچل ڕۆژەی کۆچ کردنیدا، سڵاو و دروود بۆ گیانی مامۆستای ڕەحمەتی وهەموو شەهیدانی کوردستان سەروەریان بارزانیی نەمر، بنوو بە ئارامی دڵنیابە بۆ هەتاهەتایە قسەو ئامۆژگاریەکانت لەیادوهزرمان دا بە نەمری دەمێننەوە و ڕێگا و ڕێبازتان هەمیشە پڕە لە ڕێبوار،خوای گەورە لەخەم و ئازارو کۆستی دیکە بەدوورمان بگر یت .

*ئەندام پەرلەمانی کوردستان.



سەرۆك بارزانی: «من لە نزیکەوە مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیم دەناسی ئەوە مرۆڤێکی بە قیمەت بوو، ڕۆڵەیەکی بە ئەمەك و وەفادار و کەساتیەکی نیشتیمان پەروەر بوو».

ناوچەی باڵەك و هەروەها بەشداری لە شەڕەکانی گۆڕەز، هەندرێن، زۆزك و گەروی عومەرئاغا و چەند شەڕی تر کردووە، دوای ڕێکەوتنی 11ی ئادار1970 گواستراوەتەوە بۆ بەشی سەربازی مەکتەبی سیاسی لە ناو پەردان، خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەدئەمین گوێزلینگی کەسێکی خۆشەویست بووە لای بارزانیی نەمر و سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش. ساڵی 1973 گواستراوەتەوە بۆ بەشی دادوەریی حیزب، دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ساڵی 1975 ئاوارەیی ئێران دەبێت، بەشداری لە کۆنگرەی 9ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و دوای کونگرە لە سەر ئەمری جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لەگەڵ 2500 بنەماڵەی پێشمەرگە لە شارەکانی ئێرانەوە گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نەغەدە ئەمڕۆ کە یادی چلەی ماتەمینی خوالێخۆشبوو (مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی)ـە لە بەشانازییەوە یاد و بیرەوەرییەکانی خۆلێخۆشبوو بۆ خوێنەرانی ئازیزی ڕۆژنامەی خەبات دەخەینەڕوو.

بەبۆنەی کۆچکردنی مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی، جەنابی سەرۆك بارزانی لە پەیامەکەیەدا باسی خەباتی ئەو قارەمانەی کرد وفەرمووی:

«من لە نزیکەوە مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیم دەناسی ئەوە مرۆڤێکی بە قیمەت بوو، ڕۆڵەیەکی بە ئەمەك و وەفادار و کەساتیەکی نیشتیمان پەروەر بوو». هەروەها بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامی سەرەخۆشیدا فەرمووی: «مامۆستا مەلا محەمەدئەمین **بنەماڵەی خوالێخۆشبوو کەوت و دا گوتیان:** خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگی، پێشمەرگە و فەرمانده و کادیرێکی پێشکەوتوو و دیاری شۆڕشی مەزنی ئەیلول و گولان بوو، ڕۆلیکی بەرچاوی هەبووە لە داستانی خواکورك و دواتریش لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 بەشداری لە ئازاد کردنی زۆربەی شار و شاروچکەکانی کوردستان کرد، بیرو و باوڕێکی بەهێزی هەبووە بە ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر و هەربۆیەش ژیانی خۆی پێشکەش بەم ڕێبازە پیرۆزە کرد، مامۆستا مەلامحەمەدئەمین گوێزلێنگی جیا لەوی کەسیکی سیاسی و عەسکەری بوو، کەسایەتێکی دیاری کۆمەڵایەتی دەڤەری سۆران و ناوچەی باڵەکایەتی بوو، لە لایەن خەڵکی دەڤەرەکە ڕێزو حورمەتی زۆر هەبوو و بەردوام ڕۆلی تەبایی و ئاشتەوایی هەبووە لە دەڤەرەکەدا. خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆك بارزانی هەبووە، لەمبارەیەوە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو گوتیان:

مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی دوایی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر، پەیوەندیکی نزیکەی لەگەڵ سەرکردەی هەمیشە لە یاد کاك ئیدریس بارزانی دا هەبوو، کاك ئیدریس بارزانی متمانەی زۆری بە دڵسۆزی و تواناکانی هەبوو و هەربۆیەش لە ساڵی 1983 داوای لە مامۆستا دەکات ببێتە بەرپرسی ئێداڕە لە بارەگای هەمیشەلە یاد کاك ئیدریس بارزانی و هەروەها پەیوەندیەکانی لەگەڵ جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی کە میژوویەکەی دەگرێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، و لە ژیر فەرمانی جەنابی سەرۆك مسعود بەرپرسیارەتی جیاوازی پێ ڕادەسپێردەرێت و هاوشان لەگەل سەرۆك بارزانی بەشداری دەکات لە ئازادی کردنی کوردستان لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991.

خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی لە دوای خۆی خاتوو (سارا یوسف) ی خیزان و هاڕشان و هاوسەنگەری جێهێشت، خاتوو سارا تەنها هاوژینی خوالێخشبوو نەبوو بەڵکو دۆست و هەڤاڵ و پاڵپشتی رۆژە سەختەکانی بوو کە جیا لە ئەرکی پێشمەرگەیاتی، ئەرکی پەروردە و بەخێو کردنی ٧ منداڵی (2کچ و 5 کور) لە ئەستوو بوو لە شاخ و لە ئاورایی لە وڵاتی ئێران و ژیانێکی پڕ لە مەینتدا هاوشان و هەڤاڵی مامۆستا بو و.

مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلێنگەیی هەموو جار دەیگوت:

«زۆر سەربەرزم بە خەباتی خۆم پێشمەرگایەتی کە تەنها بۆ ڕێبازی بارزانیی نەمر ئامادەی گیانفیدا کردن بووم چونکە تەنها ئەو ڕێبازە خزمەتی بە کوردستان کرد و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی درێژە پێدەری ڕێبازی باوکی و برای سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانییە».

مامۆستا مەلامحەمەدئەمین کەسێکی ڕۆشنبیربوو، دەستی نووسینی هەبووە بە تایبەتی لە مێژوو و زۆر جار یادی داستانەکانی دەنووسی و لە رۆژنامەی خەبات بڵاوەدەبوویەوە. بەر لە کۆچی دوایی پەرتووکێکی مێژووی پێشمەرگایەتی ئامادە دەکرد. هەروەها لە ساڵی 2014 سەنگەری پێشمەرگایەتی لە میحوەری گوێر و مەخموور چاوەم پێ کەوت کە بە نەخۆشییەوە هاتبووە سەنگەر و هانی پێشمەرگەکانی دەدا کە خۆراگر بن و دەیگوت: « تیرۆریستانی داعش شکست دەخۆن و پێشمەرگە کوردستان دەپارێزێت و هەموو جیهان شانازی بە سەرۆك بارزانی و ئێوەی پێشمەرگە دەکات».

لەلایەکی دیکەشـەوە ناوی (ئیمبرتۆ ئیکۆ Umberto Eco) ی زانـا و فەیلەسـوف و مێژوونـووس و سـیمیۆلۆجکار و ڕۆمانـووس و ڕەخنەگـری بەناوبانگی ئیتاڵـی، لـەو کتێبـەدا بە کـوردی بە کۆمەڵێـک شـێوە هاتـووە، لەوانـە لە لاپـەڕە 38 بـە (ئینرتۆ ئیکۆ). لـە لاپـەڕە 42 بـە (ئیمبرتو ئیکـو). لە لاپـەڕە 58 بە (ئەمبرتـو ئیکـو). لە لاپـەڕە 72 بە (ئیمرتو ئیکۆ). بە زمانـی عەرەبیش وەک چۆن لە لیسـتی سـەرچاوەکان بە (امرتو ایکـو) هاتووە. بەهەمـان جۆریش لە ناو نووسـینەکە ئاماژەی بـۆ کراوە.

لە نـاو لیسـتی سـەرچاوەکانیش کە کۆمەڵێـک سـەرچاوەی بـە زمانەکانی کـوردی و عەرەبـی و ئینگلیـزی تێدا ڕێزکـراوە، کـوردی و عەرەبییەکانی بە تێکەڵـی و بـە گوێـرەی (ئەلـف بێ) ڕێزکـردووە بەڵام لـە ناویانـدا هەڵەی زمانەوانـی و هەڵەی تەکنیکـی زۆرە بۆ نموونە سـەرچاوەیەک بەناوی (عبدالمجید نوسـی، التحلیل السـیمیائی للخطاب الروائـی البنیـات الخطابیـة ....) چوار جار لـە دوای یـەک دووبارە بۆتـەوە. بە هەمان شـێوە سـەرچاوەکەی (میخائیل باختیـن، الخطاب الروائی ....) سـێ جار لە دوای یـەک دوو بـارە بۆتەوە.

ئەمەو لە نووسـینی وشـەکانیش هەڵەی ڕێزمانـی زۆر دەبینـرێ بـۆ نمونە لە دوو سەرچاوە دەسـتەواژەی (کلیة الدب) نووسراوە کە دەبێت (کلیـة الاداب) بێت. ئەمەو لـە ناو مەتنـی بابەتەکەش ئاماژە بە دوو سـەرچاوە کـراوە کەچـی لەناو لیسـتەکە ڕیزبەنـد نەکـراون ئەوانیش (د. ئیدریـس عبدەوڵلا مسـتەفا) کە لە لاپەڕەکانـی 152 و 261 و 63) و (ابـن عبداللە شـعێب) لە لاپـەڕەی 263 ناویان هاتـوون. لەگـەڵ هەمو ئەوانـەش ناوی بەرهەمەکەی دڵزار حەسـەن لە لیستەکە ڕیزنەکـراوە. لەگـەڵ ئـەوەی زۆرترین نموونـەی لێوەرگیراوە.





نۆڤلێتی ئەستێرەی ژەنیار

ئەو بەرهەمەی دڵزار حەسەن ساڵی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە. لە لاپەڕە ٦ ی ئەو کتێبە بەو جۆرە پێناسەکراوە (دەقێکی ئەدەبییە، باسی کێشە فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمەمان لەڕێگەی بەکارهێنانی مێژوو، مێژوویەکی خەیاڵی، ڕووداوی خەیاڵی لەشێوەی هەقیقی بۆ وێنادەکات، لەڕیگەی بەکارهێنانی سیمیۆلۆجیا (نیشانە)کانی کات و شوێن و کەسەکان و دیاردە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان و گێڕانەوەدا). گێڕانەوەی ژیانی خێزانێکی پادشایەتییە کە پەناهەندەن و تاکە کوڕێکیان هەیە لە ئەو شوێن ئەوەی هۆگری دەسەڵات بێت شەیدای ئاواز و میوزیکە، بەتایبەتی نەی. باوکەکە بە زۆر کوڕەکەی ڕازیدەکات. لێرەدا دڵزار حەسەن هەوڵیداوە پێوەندی نێوان هونەر و دەسەڵات دیاریبکات. بە بۆچوونی نووسەری ئەو کتێبە، ئەو زۆرلێکردنەی باوک وەک لە لاپەڕە ٨٨ ئاماژەی بۆ کردووە (بە نیشانە و سیمیۆلۆجیا بۆ ناکۆکی ناوەکی کەسێک لەنێوان هەڵبژاردنی کورسی پاشایەتی بۆماوەیی، یان ژیانی هونەریی و ژیانی ئاسایی خەڵک و تێکشکاندنی سیستەمی نەریت و خووڕەوشتی کۆمەڵایەتی و نەریتی خانەوادەکەیان) دادەنرێ. لە لاپەڕە ١٧ ئاماژەی بەوەداوە (دەقەکە لەبنەڕەتدا لەسەر کۆمەڵێک پێکهاتە و ڕووداوی مێژوویی و شتی خەیاڵی، تەنیا لەهەندێک شوێندا وێنە و قسەی خەیاڵیش ڕۆنراوە). لە لاپەڕە ٢٦٠ هاتووە (وێنە مێژوویەکەی نێو دەقەکە لەبنەڕەتدا هۆکار و پاساوێکە بۆ باسکرنی دۆخی لەیەکچوێندراوی هەرێمی کوردستان بەو ڕووداوە مێژوویە خەیاڵییەی نووسەر بەکاری هێناوە). سەبارەت بە کەسایەتییەکانی ناویشی لە لاپەڕە ٢١ هاتووە (ڕاستە کەسایەتییەکان لەنێو دەقی (ئەستێرەی ژەنیار) کەسایەتی خەیاڵیین و لەهزر و فکر و وێناکردنی دەقنووس وێنەکراون، بەڵام هەریەکەیان پێناسەیە بۆ کارێک و خودی کارێکیش دەگەیەنن، هەر یەکێکیان هێما و نیشانەن بۆ بەدیهێنانی گوتارێک و مەبەستێک و ئامانجێک).

سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا:

گەیشتن بە رێککەوتن لەبارەی بەرنامەی رزگارکردن و بوودجە



سەرکردەی هەر 27 ئەندامەکەی یەکێتیی ئەورووپا گەیشتن بە رێککەوتن لەبارەی دابینکردنی بوودجە بۆ ساڵی داهاتوو بە بڕی یەک تریلیۆن یورۆ و بەرنامەی رزگارکردن بە بڕی 750ملیار یورۆ بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە ئابووریانەی بەهۆی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19)وە سەریان هەڵداوە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپا، چارلیس میشێل و سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا، ئورسولا ڤۆن دێر لێیەن لە کۆتایی لووتکەی سەرکردەکانی یەکێتییەکە لە شاری بڕۆکسل کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییان ئەنجام دا.چارلیس میشێل رایگەیاند "سەرکەوتوو بووین. گەیشتین بە رێککەوتن لەبارەی پاکێجی رزگارکردن و بوودجە. بوودجەی ساڵی داوتر یەک تریلیۆن و 74ملیار یورۆ دەبێت. 750ملیار یورۆ بۆ پاکێجی رزگارکردن تەرخان دەکرێت".سەرۆکی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپا ئاماژەی بەوە دا کە لە رۆژی هەینییەوە دانوستانی سەختیان ئەنجام داوە و گوتی: "لێرە زیاتر لە بابەتی دارایی، ئاڵوگۆڕی بیروڕامان کرد. ئەمە یەکێکە لەو چرکەساتانەی بۆ داهاتووی ئەورووپا زۆر گرنگن".چارلیس میشێل تیشکی خستە سەر ئەوەی کە لە مێژووی ئەورووپادا یەکەمجارە بوودجە ئاوا بەڕوونی و راشکاوی گرێ بدرێت بە ئامانجەکانی کەشوهەواوە و سەرنجی بۆ ئەوە راکێشا کە سەروەری یاسا دیاریی کراوە و هەنگاو نراوە لەبارەی سەرچاوە تایبەتییەکان.لە لایەن خۆیەوە سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا، ئورسولا ڤۆن دێر لێیەن رایگەیاند "ئەمە پاکێجێکە بە بڕی 8.1ترلیۆن کە لەگەڵ کارە لە پێشینەکانی ئەورووپا دێتەوە و پاکێجی ئاوایش هاوشێوەی نەبووە".ئورسولا ڤۆن دێر لێیەن بە تیشک خستنە سەر ئەوەی کە ماوەی دانوستانەکان چوار رۆژ و چوار شەوی خایانووە و گوتی: "لە چرکەساتێکی مێژوویی داین. 27وڵات هاریکاری خۆیان دەرخست و پاکێجەکەیان پەسەند کرد".سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا ئاماژەی بەوەش دا کە لە دوای ئەم قۆناغەوە دەست دەکەن بە دانیشتن و کۆبوونەوە لە پەرلەمانی ئەورووپا لەبارەی پاکێجی رزگارکردن و بوودجە.بەپێی پاکێجەکە، کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا دەسەڵاتی قەرزەوەرگرتن لە بازاڕەکان وەردەگرێت، بۆ ئەم دەسەڵاتە و دڵنیایی بوودجەی یەکێتییەکە بڕی 750ملیار یورۆ بۆ بەرنامەی رزگارکردنی کۆمیسیۆنەکە دیاری دەکرێت.بە تێکڕایی بوودجەی 2027 -2021ی یەکێتییەکە دەگاتە یەک تریلیۆن و 74ملیار یۆرۆ. وڵاتانی ئەندام بەڕێژەی لەسەدا 4.1ی بوودجەکە لە داهاتی نیشتمانی دەدەن.

مانشێت

ئێندیپێندێنت:
بەڕێوەبەری دەزگای نیشتمانی بۆ ئاسایش و بنبڕکردنی سیخوڕی ئەمەریکا هۆشداری دا لەوەی دوور نیە هەریەکە لە چین و ڕووسیا و ئێران دەست لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وەربدەن.

ئۆبزێرڤەر:
بەرامبەر بە داخستنی کونسوڵخانەکەی لە هیوستنی ئەمەریکا، چین کونسوڵخانەی ئەمەریکای لە شاری شینگدۆ داخست.

ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا، نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری دا بەهۆی کورۆنا ،مەراسیمی 75ساڵەی دامەزرانی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ساز بکات.

فرانس 24:
وەک وەڵامێک بۆ هێرشەکەی دوو ڕۆژ لەمەوبەری نزیک سنوورەکانی لەگەڵ سوریا ، فڕۆکەکانی ئیسرائیل ژمارەیەک پێگەی سەربازیان لەناو خاکی سووریا کردە ئامانج.

کەنالی ئار تی:
ژمارەی ئەوانەی کە لە سەرتاسەری جیهان لەپەتای کورۆنا چاک بوونەتەوە 9 ملیۆن کەسی تێپەڕاند.

کەنالی ئەلحورە:
زیاتر لە چل وڵات نامەیەکیان ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد و تیایدا رایانگەیاند کە کۆڕیای باکور ئەو سزایانە پێشێل دەکات کە بەسەریدا سەپێنراون.

ئایا تەنیا کێشەی هۆنکۆنگە هەڵگیرسانی شەڕی سارد لە نێوان ئەمەریکا و چین خێراتر دەکات؟



ئا:خالید گەردی

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کێشەکانی ئەم دواییەی هۆنکۆنگ ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی سارد لە نێوان چین و ئەمەریکا کە لەلایەن وڵاتانی ئەورووپاوە پشتیوانی لێ دەکرێت خێراتر دەکات، لەم بۆچوونەشیاندا پشت بە بڕیارەکەی ئەم دواییەی دەستەی یاسادانەرانی چین دەبەستن کە لە بارەی هۆنگ کۆنگەوە پەسندی کرد، بە پێی ئەو بڕیارە چەندین کۆت و بەند خراونەتە سەر ئازادییەکان لە یەکە ئیدارییە نیمچە سەربەخۆکەی هۆنگ کۆنگ، هەروەها دەستی چین کراوە دەکات بۆ گرتن و ڕاوەدوونانی هەرکەسێک ، داوای دیموکراتی و ئۆتۆنۆمی و ئازادی بکەن.

هۆشداریەک بۆ چین

وەنەبێت تەنیا هەر ئەمەریکا بەڵکو چەندین وڵاتی دیکەی ئەورووپا سەرکۆنەی ئەو هەنگاوەی چینیان کرد، هەر یەک لە ئوسترالیا و کەنداو بەریتانیا و ئەمەریکا لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا نیگەرانی خۆیان لەبارەی ئاکام و کاریگەری بڕیارەکەی ئەم دواییە چین لە بارەی ئاسایشی نەتەوەیی دەربڕی و داوایان کرد ئەگەر چین مەبەستێتی ڕووداو و پشێویەکانی ئەم دواییەی هۆنکۆنگ چارەسەر بکات ئەوا پێویستییە ئازادییەکان بۆ هاوواڵتیان بگەڕێنێتەوە، نەک بەرتەسکیان بکاتەوە.لە ڕاستیدا هەر پێشتر پەیوەندییە دیبلۆماسی و ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان ئەمەریکا و چین هێندە باش نەبوو، بەڵام ئەمجارەیان کێشەی هۆنکۆنگ و پەتای کۆرۆناشی هاتە سەر.

سەرچاوەی ئالۆزیی

ئەگەر چی هەندێ پێیانوایە؛ دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات هەبوو بەڕەو گرژیی و ئالۆزی زیاتر برد، بەڵام دانیال کلیمان ڕاوێژکاری پایە بەرز لە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا و بەڕێوەبەری بەرنامەی ئاسیا و دەریای هێمنی سەر بە بنکەی نوێی ئاسایشی ئەمەریکا (cnas) ئەم بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت؛ پەیوەندی نێوان چین و ئەمەریکا بە هاتنی سەرۆکێک جا هەر کەسێک بێت گۆڕانکاری بەسەردا نایەت ،ئەگەر هیلاری کلینتۆن سەرۆک با یا هەر سەرۆکێکی دیموکراتی یا کۆماری دیکەش بوایە، پێموایە هەمان سیاسەتی تەرەمپی لە دژی چین دەگرتەبەر، چونکە دەرکەوت ڕەفتار و هەڵسوکەوتی پێشوومان لە بەرامبەرچین سەرکەوتوو نەبووە. هەروەها (ڕای براوان)ی شیکەرەوەی ئابووری حکومەتی ئەمەریکاش گوتوویەتی: ئەو سوودە ئابووریانەی کە چاوەڕێ دەکرا لەدوای بەئەندام بوونی چین لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە ساڵی 2001بەدی نەهات. هیچ کاتێک چین پابەندی یاساکان نەبووە، بەو مەبەستە بووە ئەندام لە ڕێکخراوەکە تا گۆڕانکاری لە ڕێکخراوەکە بکات، نەک خۆی بگۆڕێت. لە ئاکامی ئەمەش دابوو چەندین هەلی کارمان لەدەست دا و چەندین کارگەش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا داخرا کە دواتر بە شۆکی (سەدمە)ی چین ناوبرا.

چین نیازی پاک نەبوو

ئەوانەی پێشتر لە کۆتایی ساڵی 2015لە نێو حکومەت لە هەوڵی چاکبوونی پەیوەندییەکان دابوون، ئێستا نەک هەر گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوەیان داهاتووە، بەڵکو هۆشداری لە خێرایی گەیشتنی چین بە ئاستی ئەمەریکا دەدەن. هەر لەو بارەوە دانیال کلیمانیش گوتوویەتی ئەو کات چەندین کۆمپانیای ئەمەریکا بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە هەرزانی کرێی کرێکار ڕوویان لە چین کرد، بەڵام دواتر زۆر بە گران لەسەر کۆمپانیا ئەمەریکییەکان وەستایەوە، چین ناچاری کردن تەکنەلۆژیا و مافی خاوەندارێتی بیرۆکەی خۆشیان لەگەڵ خۆیان بگوازنەوە چین. تەنانەت ئەو کۆمپانیانەش ئامادە نەبوون بچنە چین، ئەو هەوڵی دا دزە بکاتە نێو زانیارییەکانیان تا بەدەستی بهێنێت، کاتێکیش کۆمپانیاکان هەست بکەن؛ نهێنی و دۆزینەوە و بەدیهێنان و بەرهەمەکانیان لە مەترسی دزەکردن دایە، ئەوا دەگەنە ئەو بڕوایەی کە بەڵێ هاوبەشی لەگەڵ چین نەک هەر سوودی بۆیان نابێت، بەڵکو زیانی گەورەشیان پێ دەگەیەنێت.

چین چۆن بەڵادەست بوو؟

لەبارەی هەڕەشەی چین لە سەر پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا ژەنەرال ڕوبەرت سبالدینگ نووسەری کتێبی (شەڕی نهێنی) چۆن چین بەڵادەست بوو لەکاتێکدا بەڕیرسە ئەمەریکییەکان لە خەودابوون، دەڵێت: لەدوای شەڕی نازییەکان لە شەڕی دووەمی جیهانی، چین گەورەترین مەترسیی لە سەر بوونی ئەمەریکا دروست کردووە. زۆر لە مەترسیی یەکێتی سۆڤیەتی جاران زیاترە، چونکە خاوەنی دووەم هێزی ئابوورییە لە جیهان، زۆر لە یەکێتی سۆڤییەتی جاران لە گەیشتن بە حکومەت و دامەزراوە ڕۆژئاوا بیەکان بە تواناتر و خێراترە.

زۆربەی بەرپرسانی ئەمەریکا لە خێرایی پێشکەوتنی ئابووری و بازرگانی و تەنانەت پیشەسازی چین نیگەرانن، کە چۆن بەو خێراییە دوورگەی دەستکردی لە باشووری دەریای چین دروست کرد و پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان چەکیشی تیایدا جێگیر کرد.


دزینی مافی خاوەندارێتی

هەر لە بارەی دزینی مافی خاوەندارێتی بیرۆکەیی، کریستۆفەر رای بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی فیدرالی ئەمەریکا بەم دواییە رایگەیاند زیاتر لە هەزار دۆسیەی لێکۆڵینەوە لەبەردەم کۆنگریسدا هەن تا لێکۆڵینەوە لەبارەی دزینی بیرۆکەی دامەزراوە ئەمەریکییەکان بکات کە وڵاتی چین پێیەوە تاوانبارە. لەم ڕووەوە حکومەتی ئەمەریکا بڕی بەهای خاوەندارێتی ئەو بیرۆکانەی کە لە نێوان ساڵانی (2013و (2017چین دزیویەتی بە ((1.2ترلیۆن دۆلار خەملاندووە. زۆرێک لە چاودێرانی ڕەوشەکە ئەمە بە هۆکاری یەکەم و سەرەکیی گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات ناوەبەن.

نەوەی پێنجەمی پەیوەندیکردن

جگە لە دۆسیەی هۆنکۆنگ و تایلاند و ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئێستا ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای خێرای (G 5)واتا نەوەی پێنجەمی بواری پەیوەندی، کە ڕوونە زوو یا درەنگ هەموو وڵاتانی جیهان ناچار دەبن بەکاری بهێنن، شوێنی ((G4 دەگرێتەوە، گرنگییەکەشی لەوەدایە، کام وڵات بەدەستی بهێنێت ئەوا دەبێتە خاوەنی بەدەستهێنانی زانیارییەکی زۆر لەسەر بەکاربەرانی، لەم ڕووەوە چین هەنگاوێک لە پێش ئەمەریکادایە، چین ئامادەیی دەربڕیوە کەردەستە و ئامرازی تەواوی تەکنەلۆژیاکە بە چەند وڵاتی ئەورووپی بدات وەک ئامێری وەرگرتن و نارەدن و مۆدێرم..تاد، بەڵام هێشتا ئەمەریکا نەیتوانیوە وەک چین ئامادە بێت کەرەستە و ئامرازی پێویست بە وڵاتان بدات، بەمەش بالادەستیی زانیاری ژمێریاری ئەمەریکا دەکەوێتە بەر هەڕەشەی چین. ڕەنگە ئەو هۆکارانە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکای بەو بڕوایە گەیاندبێت پێی وا بێت مامەڵەکردن لەگەڵ هێزێکی وەک چین کە بە خێراییەکی زۆر لە بەرەوپێشچوون دایە، ڕەنگە لە چەند دەیەی داهاتوو ببێتە ئامانجی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

سەرچاوە: ئاژانسەکان



هەسارەیەک چوار خۆر لە ئاسمانیدا دەگەشێنەوە!

تیمێك لە فەلەکناسانی خۆبەخشی نێو پڕۆژەی ناونراو (راوکارانی هەسارەکان – Planet Hunters) بە هاوکاری چەندین دەزگای بەریتانی و ئەمریکی و بە پاڵپشتی و پێداچوونەوەی (روانگەی فەلەکناسی کیك -Keck)، توانیان هەسارەیەکی زۆر جیاواز و خاوەن خەسڵەتێکی سەیر و دەگمەن بدۆزنەوە، ئەویش بوونی ٤ خۆر لە ئاسمانیدا لە جیاتی یەك یان ٢ خۆر!

هەسارەکە ناونراوە (١ PH) کە کوتکراوەی (١ Planet Hunters) ە و بە مەودای ٥٠٠٠ ساڵی رووناکی لە زەوییەوە دوورە. (١ PH) بەدەروی جووت ئەستێرەیەکدا دەخولێتەوە کە خودی ئەو دوو ئەستێرەیەش بریتین لە سیستەمێکی جووت ئەستێرەیی و بە دەوری یەکتریدا دەخولێنەوە، وە بەپێی پێوانەکارییەکان، دەرکەوتووە قەبارەی هەسارەی (١ PH) گەورەترە لە قەبارەی هەسارەی (نیپتۆن) کە تیرەی ٦ جار لە زەوی گەورەترە.

« ئەو چوار ئەستێرەیە بە یەکەوە ژینگەیەکی یەگجار زۆر ئاڵۆز بۆ ئەو تاقە هەسارەیەی دەوریاندا دروست دەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێدەچێت هەسارەی (١ PH) لەسەر خولگەکەیدا جێگیر بێت، کەچی گومانم لەوەنییە کە ئەمە حاڵێتێکی دەگمەن و سەرسوڕهێنەرە و وایکردووە تام چێژێکی زۆرجیاواز ببەخشیتە ئەم دۆزینەوەیە!».

لە ڕووی فەلەکناسییەوە، ئەمانە حاڵەتی نائاسایی بوونی هەسارەکانی دەرەوەی سیستەمی خۆرە، چونکە ئەمجۆرە هەسارانە ناونراون (Exoplants) واتە (ئەو هەسارە – یان هەسارانەی - بەدەوری چەند ئەستێرەیەکدا دەخولێنەوە) ەو هەسارەی (١ PH) نموونەیەکی زۆر بەرچاوو و کەموێنەی ئەم حاڵەتەیە.

لە وەڵامێکی پرسیارێك دەربارەی چۆنییەتی مانەوەو جێگیربوونی ئەم هەسارەیە لەسەر خولگەی خۆی لە چوارچێوەی ئەو هێزە کێشکردنەی کە لەلایەن هەرچوار ئەستێرەوە دێتە کایەوە، (لینۆت) ی فەلەکناس گوتی:» تا ئێستا ٦ حاڵەتی نیمچە هاوشێوەی هەسارەی (١ PH) مان دۆزیوەتەوە، ئەو هەسارانەش بە مەودایەکی زۆر نزیك بە دەوری سیستەمێکی جووت ئەستێرەییدا دەخولێنەوە، بۆیە ئەمە هەلمان بۆ دەڕەخسێنێ تا بتوانین زیاتر لە سروشتی بەشی ناسراو بە (دیسکە هەسارەییە ناوەخۆییەکان) ئاشنا ببین، ئەو دیسکەش بریتییە لە ئەڵقەیەکی گازیی چڕوپڕ و هاندەرێکی بنەڕەتی بۆ کرداری لە دایکبوونی هەسارەکان لە دەوری ئەستێرەکاندا».

هەروەها گوتی:»هەسارەکان لە مەودایەکی نزیکی ئەستێرەکاندا لە دایك دەبن، بۆیە دەتوانن لە خولگەیەکی جێگیردا بمێننەوە، هەر ئەوەش ڕەنگە ببێتە بەڵگەیەك و هۆکارێك بۆ چۆنییەتی لەدایکبوونی هەسارەکان لە سیستەمە دەرەکییەکاندا»، هەر بە گوتەی (کریس لینۆت) لە (زانکۆی ئۆکسفۆرد).

جێگای ئاماژەپێدانە کەوا هەسارەی (١ PH) لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ٢٠١٢ و لەسەر دەستی دوو فەلەکناسی خۆبەخشی ئەمریکی دۆزرایەوە دوای ئەوی هەستیان بە کەمبوونەوەی ڕووناکی دوو ئەستێرە سەرەکییەکە کرد لە دەرەنجامی تێپەڕبوونی تەنێکی ئاسمانی – هەسارەیی بە پێشیاندا، ئەم دۆزینەوەیەش بە ڕوانگەکردنی وورد لەلایەن ڕوانگەی مەزنی (کیك) ی سەر تڕۆپکی گڕکانی خامۆشی (ماونا کیا) لە (هاوای) دا پاڵپشتی لێکراو پشتڕاست کرایەوە.

زۆر نزیك بە دەوری سیستەمێکی جووت ئەستێرەییدا دەخولێنەوە، بۆیە ئەمە هەلمان بۆ دەڕەخسێنێ تا بتوانین زیاتر لە سروشتی بەشی ناسراو بە (دیسکە هەسارەییە ناوەخۆییەکان) ئاشنا ببین، ئەو دیسکەش بریتییە لە ئەڵقەیەکی گازیی چڕوپڕ و هاندەرێکی بنەڕەتی بۆ کرداری لە دایکبوونی هەسارەکان لە دەوری ئەستێرەکاندا».

هەروەها گوتی:»هەسارەکان لە مەودایەکی نزیکی ئەستێرەکاندا لە دایك دەبن، بۆیە دەتوانن لە خولگەیەکی جێگیردا بمێننەوە، هەر ئەوەش ڕەنگە ببێتە بەڵگەیەك و هۆکارێك بۆ چۆنییەتی لەدایکبوونی هەسارەکان لە سیستەمە دەرەکییەکاندا»، هەر بە گوتەی (کریس لینۆت) لە (زانکۆی ئۆکسفۆرد).

جێگای ئاماژەپێدانە کەوا هەسارەی (١ PH) لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ٢٠١٢ و لەسەر دەستی دوو فەلەکناسی خۆبەخشی ئەمریکی دۆزرایەوە دوای ئەوی هەستیان بە کەمبوونەوەی ڕووناکی دوو ئەستێرە سەرەکییەکە کرد لە دەرەنجامی تێپەڕبوونی تەنێکی ئاسمانی – هەسارەیی بە پێشیاندا، ئەم دۆزینەوەیەش بە ڕوانگەکردنی وورد لەلایەن ڕوانگەی مەزنی (کیك) ی سەر تڕۆپکی گڕکانی خامۆشی (ماونا کیا) لە (هاوای) دا پاڵپشتی لێکراو پشتڕاست کرایەوە.

ئەستێرە بچووکەکان سەرچاوەی (کاربۆن)لە گەردووندا

تازەترین لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەستێرە ناسراوەکان بە (گرگن – یان بچووك) دەکان سەلماندی کەوا ئەوانەن سەرچاوەی بوونی توخمی (کاربۆن) لەنێو گالاکسی خۆمان و تەواوی گالاکسییەکانی دیکەی نێو گەردووندا، بێگومان (کاربۆن) توخمێکی هەرە سەرەکییە بۆ بوون و بەردەوامبوونی ژیان لەسەر هەسارەکەماندا بەشێوەیەکی سەرەکیی، بەو پێیەی لەنێو جیهانی خۆماندا (کاربۆن) پێکهاتەی سەرەکیی (ترشی ناووکی) و تۆشووی ماسولکەکان و پڕۆتینەکان و چەوری و شەکرەکانە.


ماوەیەکی زۆر زانراوە کەوا ئەستێرەکان سەرچاوەی دروستکردنی (کاربۆن) ن لەنێو گەردووندا، بەڵام گفت و گۆی گەرمیان لەسەر ئەوەبوو، ئاخۆ ئەو سەرچاوەیە کاتێك فەراهەم دەبێ کە ئەستێرەکە دەبێتە (ئەستێرەیەکی گرگن – بچووك) یان لەکاتی تەقینەوەی تەواوی ئەستێرەکە کەبە دیاردەی (سوپەر نۆڤا) ناسراوە؟

بەم دواییە وەڵامی کۆتایی کەوتە دەست لەلایەن تیمێك لە فەلەکناسانی (ئیتالی) بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر(پاولا ماریگۆ) لە (زانکۆی بادۆڤا) درایەوەو دەرکەوت هەرچەندە قەبارەی ئەستێرەکە پێش گەیشتنی بە (قۆناغی گرگن) ئەوا ئەستێرە بچووکەی کە لێی دروست دەبێ گەورەترو قورستر دەبێ، بە بەروارد لەگەڵ ئەستێرە گرگنە هاوشێوەکانی دیکەی ئاسایی، وە تیمەکە دەریخست ئەو کاربۆنەی ئەم جۆرە ئەستێرانە بەرهەمی دێنن، بریتین لەو ئەستێرانەی کە پێش گەیشتنیان بەو قۆناغەی بچووکبوونەوە، بارستاییەکانیان ١,٥ ئەوندەی بارستایی خۆری خۆمان بووە، هەربۆیە، پسپۆڕانی فەلەکناسی زۆرجار دەڵێن، مردنی ئەستێرەیەك، قۆناغێکی سەرەتاییە بۆ دروستبوونی ئەستێرەیەك یان هەسارەیەکی دیکە لەنێو کالاکسییەکاندا.



بارستەیەکی نەناسراوو مەزن لەنێو گەردووندا دۆزرایەوە!

لە ڕێگەی تەکنیکێکی نوێی ڕوانگەکردنی فەلەکیدا، تیمێك لە فەلەکناسانی فەرەنسی سەر بە زانکۆی (پاریس – ساکلای) بە سەرۆکایەتی (دانیال بومارید) رایانگەیاند کەوا بەم دواییە توانیان بارستاییەکی زۆر نامۆ نەناسراوو نەبینراوی نێو گەردووندا بدۆزنەوە کە بەشێکی هەرە زۆری بارستاییەکەی لە پێکهاتەی ناسراوە بە (مادەی تاریك) کە بەشێکی هەرە زۆری گەردووون پێکەدێنێ، کەچی تەنها لە ڕێگەی هێزی کێشکردنی مەزنییەوە هەست بە بوونی دەکرێت، ئەگینا، هەرگیز نابینرێت.



ئەم بارستاییە ناونراوە (دیواری جەمسەری باشووری گەردوونیی) لە ڕێگەی نەخشەیەکی سێ ڕەهەندیی زۆر نایاب و سەرسامکارەوە شوێوەو سنووردەکەی دیاریکراوەو بۆ مەودای ١ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن ساڵی ڕووناکی لە نێو گەردووندا دریژبۆتەوە، کە جگە لە مادەی تاریك، سەدان هەزار گەلەستێرەش لەخۆدەگرێت و تەواوی ئەو بارستەیەش بە مەودای نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن ساڵی ڕووناکی لە زەوییەوە دوورە.

(دیواری جەمسەری باشووری گەردوونیی) بە شێوەیەکی بەرچاو بەربەرەکانی دەکات لەگەڵ بارستەیەکی مەزنی گەردوونی دیکەی ناسراو بە (شوورەی سلۆن) کە شەشەم گەورەترین پەیکەرو پێکهاتەی مادەیی دیاریکراوی گەردوونییە.

ماوەیەکی زۆرپشە پسپۆڕانی گەردووناسی و فەلەکناسی ئاشکرایان کردووە کەوا گالاکسییەکان بە شێوەیەکی هەرەمەکیانە لەنێو گەردووندا پەرش و بڵاونین، بە ڵکو گروپ گروپ لەسەر (تۆڕی گەردوونیی) دا دابەشبوونە کە بریتییە لە شێوە دەزووی یەگجار زۆر مەزنی هایدرۆجینی و گالاکسیەکانیش لەسەر ئەو دەزووانە وەك مرواری هەڵواسراون و لە نێوانیاندا بۆشایی یەگجار زۆر مەزن جیایان دەکاتەوە.

بۆ دەرخستنی لایەنە شاردراوەکان بەهۆی ڕووناکی زۆری خودی گالاکسیان (ڕێی کاکێشان)، پسپۆڕان هەڵسان بە ئەنجامدانی ڕوانگەکردنی نوێ بە ڕێگەی پێشکەوتوو و توانیان بارستەیەکی یەگجار زۆری گالاکسی شاردراوە بدۆزنەوە کە تاوەکو ئێستا بە نهێنی مابوونەوە.

ڕووسیا دەیەوێ بەرەو دەرەوەی سیستەمی خۆر هەنگاو بنێ

لە لێدوانێکیدا، (دیمیتری ڕۆگۆزین) ی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای (ڕووس کۆزمۆس) ی بۆشاییگەڕیی ڕووسیی ڕایگەیاند کەوا کارکردن بەردەوامە بۆ دیزاین و دروستکردنی بز و ێنێك بۆشاییگەڕیی زۆر پێشکەوتوو کە بە وزەی ناووکی کاردەکات، لە پێناو ڕەوانەکردنی کەشتی ئاسمانیی قورس و گەورەو کەشتیوانانی بۆ مەودایەکانی دووری نێو بۆشایی ئاسمان.

«ئێمە ناتوانین لە ڕێگەی بزوێنی تەقلیدی ئێستا کە ئۆکسجین و کیرۆسین یان هایدرۆجین بەکار دەهێنێت مەودای دوور ببڕین، بەڵکو پێویستیمان بە بزوێنی ناسراو بە (ئایۆنییەکان) هەیە کە دەتوانێ کەشتییە ئاسمانییەکان بگەیەنێتە بۆشایی ئاسمانی دەرەوەی سیستەمی خۆر، واتە لە ڕێگەی (وزەی ناووکی بۆشاییگەڕی) یەوە«، هەر لە زاری (دیمیتری ڕۆگۆزین).



جێگای ئاماژە پێدانە کەوا لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا، دەزگای (ڕووس کۆزمۆس) باسی لە پلانی تایبەتی خۆی کرد بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەك تاقیکردنەوە لەسەر کەشتییەکی وزەی ناووکی کە لەسەر شێوەی زنجیرەیی شەمەندەفەرپی دروست دەکرێ و لە ساڵی ٢٠٣٠ ئەنجام دەدرێ، جا ئەگەر سەرکەوتنی وەدەستهێنا ئەوا قۆناغی دووەمی بونیاتنانی ئەو کەشتییە دەست پێدەکات.

لە لێدوانێکیدا، (دیمیتری ڕۆگۆزین) ی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای (ڕووس کۆزمۆس) ی بۆشاییگەڕیی ڕووسیی ڕایگەیاند کەوا کارکردن بەردەوامە بۆ دیزاین و دروستکردنی بز و ێنێك بۆشاییگەڕیی زۆر پێشکەوتوو کە بە وزەی ناووکی کاردەکات، لە پێناو ڕەوانەکردنی کەشتی ئاسمانیی قورس و گەورەو کەشتیوانانی بۆ مەودایەکانی دووری نێو بۆشایی ئاسمان.

«ئێمە ناتوانین لە ڕێگەی بزوێنی تەقلیدی ئێستا کە ئۆکسجین و کیرۆسین یان هایدرۆجین بەکار دەهێنێت مەودای دوور ببڕین، بەڵکو پێویستیمان بە بزوێنی ناسراو بە (ئایۆنییەکان) هەیە کە دەتوانێ کەشتییە ئاسمانییەکان بگەیەنێتە بۆشایی ئاسمانی دەرەوەی سیستەمی خۆر، واتە لە ڕێگەی (وزەی ناووکی بۆشاییگەڕی) یەوە«، هەر لە زاری (دیمیتری ڕۆگۆزین).

نهێنییەکی هەسارەی (زوهرە) فەلەکناسانی تووشی شۆك کرد!

ئاشکرایە کەوا پلەی گەرمیی ڕووی هەسارەی (زوهرە) دەگاتە ٦٤٠ پلەی سەدی، هەر ئەمەش وایکردووە کەوا ئەو کەشتییە ئاسمانییانەی ڕەوانەی سەر ڕووی ئەم هەسارەیەدا کراون لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانەتەوەو پەیوەندی لەگەڵیاندا پچڕاوە! بۆیە زوهرە بە گەرمترین هەسارەکانی نێو سیستەمی ئەژمارکراوە.

بەڵام بە پێی تازەترین لێکۆڵینەوەو ڕوانگەکردنی کەشتی ئاسمانی (Venus Express) کە لە ساڵی ٢٠٠٥ و لەلایەن (ئاژانسی فڕین و بۆشاییگەڕی ئەوروپی – ESA) هەڵدراوەتە ئاسمانی دەوروبەری ئەم هەسارەیە، دەرکەوتووە کە هەندێ ناوچەی سارد لەنێو چینە بەرزەکانی هەوای ئەم هەسارەیەدا هەن و پلەی گەرمی تیایاندا دەگاتە سنووری ٥٧ پلە لە ژێر سفری سیلیزی!

ئەستووریی بەرگە هەوای هەسارەی زوهرە دەگاتە نزیکەی ١٢٥ کیلۆمەتر و ئەم نزمییەی پلەی گەرمی یارمەتی بەستانی گازی دووانۆکسیدی کاربۆن دەدات و ئەمەش بۆتە یەکێ لە دیارە یەگجار سەیرو نامۆیەکانی ئەم هەسارەیە.

«ئەم چینە بەرگە هەوایەی زوهرە کە پێکهاتووە لە کریستاڵی سەهۆڵیی گازی دووانۆکسیدی کاربۆن بۆتە پەرچکەڕەوەیەکی بەهێزی تیشکی خۆر کە ئەمەش وادەکات تیشکی خۆر لەو ناوچانەدا بەشێوەیەکی زۆر گەشتر دەرکەوێ، بەڕاستی ئەمە دۆزینەوەیەکی زۆر نوێیەو پێویستە بۆ ماوەیەکی زۆرتر لێکۆڵینەوەی لەسەردا ئەنجام بدەین»، لەسەر زاری فەلەکناس (ئارنۆ ماو).


www.xebat.net
خەبات
یەکشەممە 2020/7/26 ژمارە(5979)
hawarmurtkaee@yahoo.com
پابەند دەبین

شەترەنجزانێکی هەڵبژاردەی ژەنزوێللا لە دیمانەیەکی خەبات دا..

کارۆلینا: کتێب باشترین ڕاهێنەرە بۆ شەترەنجزانان









دیمانە: هاوار مورتکەیی

تایلسیا کارۆلینا ڤاریلا Tilsia Carolina Varela ئەو کچە شەترەنجزانەی هەڵبژاردەی ژەنزوێلایە و تا ئێستا بەشداری لە سێ ئۆڵۆمپیادی شەترەنجی جیهانی کردووە و یەکێکە لە ئەندامە دیارەکانی هەڵبژاردەی ئەو وڵاتە و هەڵگری بڕوانامەی ماستەری نێودەوڵەتی شەترەنجە (WIM)، هەروەها بەشداری زۆربەی پاڵەوانێتییەکانی سەر ئاستی ژەنزوێلاو ئەمریکای کردووە، ئەم خانمە لە دیمانەیەکی تایبەت بە لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات، باس لە کاروانی وەرزشی و بەشداریەکانی دەکات.

بەختەوەرە بەدەستکەوتەکانی

سەرەتا تایلسیا کارۆلینای تەمەن ٢٦ ساڵ گوتی: بەڵای منەوە شەترەنج تەنها وەرزشێك نییە، بەڵکو زانست و پابەندبوونە، هەموو وەرزشێك جوانە، بەڵام شەترەنج لە هەموویان جوانترە، لە ساڵی ٢٠١٨ بەفەرمی دەستم بەشەترەنج کرد و ساڵێك دوای ئەمە بەشداری پاڵەوانێتییەکانم کرد لە ژەنزوێلا و ئەمریکا، زۆر بەختەوەریش بووم کە بڕوانامەی ماستەری نێودەوڵەتیم بەدەستهێنا، لەوەش دڵخۆشتر بووم کاتێك گەیشتمە ریزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەم، و باشترین دەسکەوتیشم بەشداریکردن بوو لە ئۆڵۆمپیادەکانی تورکیا ٢٠١٢، ترۆمسۆ ٢٠١٤، باکۆ ٢٠١٦، ئێستاش بەردەوامم و بەشەوقەوە ئەو یارییە دەکەم.

وەرزشێک بۆ مێشک

دواتر ئەو خانمە شەترەنجزانە ژەنزوێلییە دەڵێت: بەو پێیەی شەترەنج وەرزشێکە بۆ مێشك، بۆیە بڕیارمداوە بەردەوام ئەو یارییە بکەم، لەپاڵ هەموو ئەمانەش، شەترەنج زۆر شتی لە ژیان پێ بەخشیوم لەسەرووی هەموویانەوە هاوڕێ و گەشت و خۆشەویستی، کە ئەمانەش بەشێك بوونە لە ژیانم، هەروەها فێرت دەکات چۆن لەژیانی ڕۆژانەت بەر لە بریاردان، بیربکەیتەوە و لەم حالەتەشدا هیچ کات دووچاری هەڵە نابی و ڕێڕەوی ژیانێکی سەرکەوتووت بۆ دیاری دەکات، هەر لەبەر ئەمانەشە بۆ هەتا هەتایە شەترەنجم خۆش دەوێت.

پلانی زیاتر

لەکۆتاییدا لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کێ وەك ڕاهێنەر لەگەڵیدا بەردەوامە گوتی: بەدڵێایی کاروانی وەرزشیم هەمیشە کەسانێك هەبوونە کە وەك ڕاهێنەر لەگەڵمدابوونە، بەڵام من پێم وایە کتێب باشترین ڕاهێنەرە بۆ شەترەنجزانان، شەترەنجزان چەند کتێب بخوێنیتەوە ئەوا ئاستی زیاتر بەرزدەبیتەوە، شەترەنج بۆیە جیاوازە لەگەڵ وەرزشەکانی دیکە، چونکە خوێندنەوە و بیرکردنەوە تاکە خۆکارن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شەترەنجزانان، خۆشبەختانەش سەرچاوەکانی شەترەنج لە دونیادا زۆرن و لە خوێندنەوەی هەر دێرێکدا پلانێکی نوێ سەبارەت بەیاریکردن فێردەبێت، یاریزانیش چەندی پلانی زیاتر بێت، دەتوانێت بەرامبەرەکەی دووچاری شکست بکات و لێی بباتەوە.

شەترەنج زۆر شتی لە ژیان پێ بەخشیوم لەسەرووی هەموویانەوە هاوڕێ و گەشت

کۆستا تووشی پێکان بوو



لە یاریی یانەکەی بەرامبەر ئۆدێنیزی، دۆگلاس کۆستا یاریزانی بەڕازیلی و خانمە پیرەکە تووشی پێکان بوو و ئەستەمە ئەم وەرزە بەشداری هیچ یارییەکی دیکە بکاتەوە.

ماڵپەڕی فەرمی یانە ئیتاڵیەکە هەواڵی تووشبوونی یاریزانی یانەکەیانی بە پێکان لە ڕانیدا پشت ڕاستکردەوە و بڵاویشیان کردووەتەوە ئەو یاریزانە تاوەکو هەفتەی داهاتوو ناتوانێت یاریی بکاتەوە، بەڵام سەرچاوەکانی نزیك لەو یانەیە زانیاریان دەستکەوتووە ئەنجامی دواییی پشکنینەکان دەریان خستووە ئەو یاریزانە بە هۆی پێکانەکەی پێو یستی بە سێ هەفتە پشوودان هەیە.

بەم هۆیەوە پێدەچێت کۆستا نەتوانێت بەشداری سێ لە دواییین یاریییەکانی ئەم وەرزە بکاتەوە و چارەنووسی بۆ یاریییەکەی چامپیۆنزلیگ ئەو کات یەکلایی دەبێتەوە.

پشتیوانی لە مانەوەی ئیبراهیمۆڤیچ دەکەن

ڕاهێنەری یانەی ئەیسی میلانی ئیتالی کاردەکات، بۆ ئەوەی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ لە وەرزی داهاتوودا لەگەڵ یانەکەی بەردەوامبێت.

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی ئیتالیا، نوێترین پێشهاتیان دەربارەی داهاتووی ئیبرا لەگەڵ یانەی ئەیسی میلان بڵاوکردەوە و دەڵێن، ستیفانۆ پیۆلی، ڕاهێنەری یانەی میلان بەهێزەوە پاڵپشتی مانەوەی هێرشبەر سوێدییەکە لە یانەکەیدا دەکات.

ڕۆژنامەی لاگازێتا دێللۆ سپۆرت ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە، تاوەکو ئێستا میلان مانەوەی ئیبرای مسۆگەر نەکردووە، بەهۆی ئەوەی کە ئیڤان گازیدێس، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری یانەکە پەیوەندیی بە یاریزانەکە نەکردووە، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی مانەوە یان ڕۆیشتن لە یانەکە بکەن.

هێندەرسۆن

بە باشترینی پرێمەرلیگ دەستنیشانکرا

خەبات: سولین سلێمان

جۆردان هێندرسۆن ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی بە دەنگی ڕۆژنامەوانان و شرۆڤەکارانی پرێمەرلیگ، بە باشترین یاریزانی پرێمەرلیگ دەستنیشانکرا بۆ وەرزی ٢٠٢٠-٢٠١٩.

هێندرسۆن دوای ئەو ئاستە بەرزەی لە ماوەی ئەم وەرزەدا پێشکەشی کرد لەگەڵ یانەکەی، توانی ئەم نازناوە بباتەوە بۆ جاری یەکەم دوای ٣٠ ساڵ توانی جامی پرێمەریلیگ بەرزبکاتەوە و ٣١ مین بردنەوە لەم وەرزەی خولەکەدا بەدەست بهێنێت، هێندرسۆنی کاپتنی یانەی لیڤەرپوول لەگەڵ هەر یەك لە دی برۆین یاریزانی مانچێستەر ستی و مارکۆس ڕاشفۆرد یاریزانی مانچێستەر یونایتد لە ڕکابەرییەکی سەخت دا بوون بۆ بەدەستهێنانی ئەو نازناوە، بەڵام دواجار هێندرسۆن توانی نازناوەکە بەدەستبهێنێت، هەر بۆیە هێندرسۆن دوای بەدەستهێنانی ئەو نازناوە گوتی سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە پشتگیری منیان کردوو دەنگیان بەمن دا .

سان جێرمان دووەم ناسناوی بردەوە

پاریس سان جێرمانی فەرەنسی دوای بردنەوەی لە سانت ئیتیان لە جامی فەرەنسا، بۆ ١٣ هەمین جار لەمێژوویدا ناسناوەکەی بردەوە.

لە یاریگای دوفرانس هەردوو یانەی پاریس سان جێرمان و سانت ئیتیان لە یاریەکی بەهێز و دراماتیکیدا بەیەکگەیشتن. لە ٩٠ خولەکی یاریەکە دوای چەندین هێرش بۆسەر یەکتری تەنها گۆڵێك لەلایەن نیمار داسێلڤای بەرازیلی و یاریزانە ژمارە دەی یانە پاریسییەکە لە خولەکی ١٤ تۆمارکرا، بەو گۆڵە پاریس سانجێرمان ناسناوی جامی فەرەنسای بۆ ١٣ هەمین جار لەمێژوویدا بردەوە.

یانە پاریسییەکە ئەمساڵ دووەم ناسناوی ناوخۆیی هەریەك لە خولی فەرەنسی و جامی فەرەنسی بەدەست هێناوە و ڕکابەرێکی بەهێزی پاڵەوانێتی چامپیۆنسلیگیشە لەمساڵ دا.

پابەند دەبین

خەبات XEBAT

Sun.26 Jul. 2020 No.:(5979)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگاداریەکان: 07505881616

پاکەو پاک ..

دواین دڕامای هونەرمەندانی هەولێرە لەڕۆژانی چەژنی قوربان پێشکەش دەکرێت

ئا: هێمن ئاری

پاکەو پاک، دوایین بەرهەمی دڕامای هونەرمەندانی شاری هەولێرە کەبەنیازە لەڕۆژانی چەژنی قوربان لەکەناڵەکان پێشکەش بکرێت.

ئەم دڕامایە لەنووسین و دەرهێنانی هونەرمەند جەوهەر ئەنوەر ڕەشید. هەریەک لە هونەرمەندان فەیسەڵ محەمەد و عەلی ئەحمەد و مەحمود گلی و هەڤاڵ قەرەچوغی و مازیچن خۆشناو و سامی شاکر و سلێمان گەڵاڵی و عوسمان بێراوەیی و چەند هونەرمەندێکی دیکەی شاری هەولێر تیایدا بەشدارن.

هونەرمەند هەڤاڵ قەرەچوغی کە خۆی یەکێکە لەکارەکتەرانی ئەم دڕامایە لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات باس لەناوەڕۆک و کارەکانی ئەم دڕامایەکرد کەبەنیازە لەڕۆژانی چەژنی قوربباندا پێشکەش بکرێت، بۆ ئەوەش قەرچوغی گوتی: دڕامای پاکەو پاک لەنووسین و دەرهێنانی جەوهەر ئەنوەر ڕەشیدە، کاری وێنەگرتن و مونتاژ کردنی سیروان سەخەرە، بەنیازە لەشەوانی چەژنی قوربباندا لەکەناڵەکان پەخش بکرێت. هەروەها هەڤاڵ قەرەچوغی گوتی: هونەرمەند جەوهەر ئەنوەر ڕەشیدە دڕامایەشی وەک دڕامای (خەجە گەڕۆک ، ونبووەکان ، مۆڵەت) لەسەر ئەرکی خۆی ئەنجامی داوە بێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێک یارمەتی بدات،هەموو ئەو کارانەی کردوونیەتیشی بەهۆی خەمخۆری و پێشکەوتنی هونەربووە لەشاری هەولێردا. جگە لەوەش هونەرمەند جەوهەر ئەنوەر ڕەشید مااڵەکەی خۆشی کردووە بەهۆلێکی سینەما و تیایدا فلمی سینەمایی نمایش دەکات ،پێش کەرەنتینا و سەرهەڵدانی کۆرۆنا ڕۆژانە فلمە کۆنەکان و کۆمەڵێک فلمی سینەمای نمایش دەکرد ،بەتایبەتیش فلمە هندیە کۆنەکان کەخەڵکی زۆر جاران حەزیان بەبینینی دەکرد بەیادی ئەوکات ئێستاکەش خەڵکانێک هەن حەز بەبینینەوەی ئەم فیلمانە دەکەن و سەردانیان دەکرد.



گوتیشی : کاک جەوهەر وایکردووە ئەم یادەوەرییانە ز یند و و بکا تە و ە ، هۆڵەکەی کردووە بەماڵێک بۆ هونەرمەندان نزیکی 60 بۆ 70 کەس دەگرێت زۆرێک لە کەسایەتی و هونەردۆستان بۆ بینینی فیلمەکان سەردانی دەکەن.

کاک جەوهەر بەهۆی ئەم عەشقەی بۆ هونەر هەیەتی سەربارى بەربەست و سەختییەکانی ژیان کۆڵی نەداوە و لەئەنجامدانی کاری هونەری بەردەوامە،هەمیشە ویستویەتی لەو کارانەی دەیەوێت پێشکەشی بکات هونەرمەندان کۆبکاتەوە و کاری باشتر و باشتر پێشکەش بکات.

قەرەچوغی گوتیشی: کاک جەوهەر لە ئێستاوە لەخەمی ئەوەدایە بۆ ڕەمەزانی داهاتوو بەرهەمێکی دیکە ئامادەبکات ،وەک ئەوەی من ئاگاداربم دڕامایەکی (15) زنجیرەیی ئامادەکردووە و ئێستا سەرقاڵی تەواوکردنیەتی بۆ ڕەمەزانی داهاتوو. ئاماژەی بەوەشدا ئەو هونەرمەندانەی کاری لەگەڵ دەکەن زۆر ئاسودەن لەگەڵی و هەمیشە پاڵپشتی دەیکەین.





کامەران عومەر..

(چیت لێم دەوێت لەمە زیاتر)ی کلیپ

بەرهەم شێخ عزەدین

چیت لێم دەوێت لەوەزیاتر ، دایمە دڵم وا لەمشتایە، چاوم لەڕێی گەڕانەوەت ، دەرگایەکی لەسەر پشتە، ئەمەیەکێکە لە گۆرانییە بەناوبانگ و خۆشەکانی هونەرمەند کامەران عومەر کە هەمیشە لەسەر زاری عاشقان دەوترێتەوە، دوای ساڵانێك لە تۆمارکردنی ئەوگۆرانییە ئێستا لە شاری سلێمانی کاری کلیپی بۆکرد و بڕیارە بڵاوی بکاتەوە، لەوبارەیەو هونەرمەندی بەئەزموونی مۆزیک ژەن کاروانی باڵەبان بەخەباتی گوت: ئەمڕۆ یەکێك لەگۆرانیەکانی هونەرمەند کامەران عومەر ،کەگۆرانی(چیت لێ مەوێ) کلیپکرد، ئەم گۆرانییە لە (ئاوازی: کامەران عومەر ،ئامادەکردنی مۆسیقا :کاروان باڵەبان، هۆنراوەی: ئەحمەد محەمەد، وێنەگرتنی: ژیار)ـە. ئینشائەڵڵا لە ماوەیەکی نزیك بڵاو دەبێتەوە.

سەجا بەغدادی: سەیری هونەری شێوەکاری هونەرمەندانی کورد دەکەم

دیمانە _ داهێن یونس

هونەر بە هەموو جۆرەکانیانەوە پێوویستی بە بەهرەو تووانایی هەیە ، نەخاسمە بۆ ئەو کارە هونەریانەی کە مێشک وەدەست وجەستە لە خۆدەگرن وەك هونەرەکانی شێوەکاری بە سەرجەم شێوازەکانییەوە ، لێرەدا ئەم هونەرە چەند شێوازێك لە خۆ دەگرێت یەك لەوانە نەخشەکێشان لەسەر بەڕوومی کشتووکاڵی و هەروەها بوونەوەر وزیندەوەران .. سەجا ئەلبەغدادی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بە لێهاتوویەوە ئەم جۆرە هونەرە شێوەکارییەی لەگەڵ دڵ وەڕوونیدا ئاشنابووە ، لە دیدارێکدا بەم شێوەیە باس لە کار و چالاکییەکان وئەو ئاستەنگا ،وێڕای ئایندەی لەبواردا دەخاتەڕوو .





سەرەتا پێناسەیەکی خۆتمان بۆ بکە تاوەکو زیاتر خوێنەر پێت ئاشنا بێت ؟

سەجا عامر ئەحمەد ناسراو بە سەجا ئەلبەغدادی ، لە دایکبوونی شاری بەغدا بکالۆریۆس کۆلێژی کشتووکاڵی بەشی بەرهنگاربوونەوەی بەرەبوومی زەوی زانکۆی بەغدا ، بەهرەمەندی شێوەکاری بە تایبەت لە نەخشەکردن لەسەر زیندەوەری ومیوەو سەوزە .

سەرەتای دەستپێکردنت ئەم بەهرە هونەرییە کەی وچۆن بوو ؟

هەر لە منداڵیەوە هەستم بەوە کرد کە ئارەزووی ئەوەم هەیە وێنە یان نەخشە لەسەر بونەوەر وزیندەوەرە مردووەکان بکەن ، دواتر کە ئامادەییم تەواوکرد بەوێ ماندانی مامۆستایانی هونەریم لە قوتابخانەدا ، هەروەها هاندانی ماڵەوەمان زیاتر شەیدای ئەم جۆرە هونەرە بووم ،هەر بۆیە ئارەزووم هەیە هەر زیندەوەرێکی مردووە لای خۆم پاریزگاری لێ بکەم بەتایبەت پەپوولە .

کێ بوون ئەوانەی لەسەرەتادا هانیان دای وپشتگیرییان کردی؟

دایکم یەکەم کەس بوو کە بە هەموو شێوەیەك هانیدام تاگەیشتمە ئەو ئاستەی ئێستام ، هەروەها دکتۆری هەناو محەمەد موتڵەك کە هەنگاوەکانی نیشاندام تا بەشداری لە یەکەم پێشانگادا بکەم .

بەشداریت لە کاریکی هاوبەش کردووە ،هەروەها ئەو پێشانگا هونەرییانە چییە کە بەشداریت تێدا کردووە ؟

بەڵێ بەشداریم لە پێشانگا لە زانکۆی تکریت و بەغدا وکۆلێژی تەقەنی و مونتدای لاوان ووەرزش وێرای ئەوەی (تیدکس) بەغدا کردووە.

بێگومان سەرەتا هەر هونەرمەندێك ئاستەنگ دێتە بەردەمی ، هیچ ئاستەنگێك هاتە بەردەم ؟

بەڵێ بێگوومان زۆر ئاستەنگ وکۆسپ هاتە بەردەمم ،سەبارەت بە لێکدانەوەی کار وەونەرەکانم ، هەوڵدان بۆ تێکدان و خەڵکانێکیش هەبوون بە هەموو جۆرێك بۆ دژایەتیکردنی بەهرەکانم ، ئەم حاڵەتش هەر بووە.

ئایا بەهرەمەندی تاکە شتە بۆ لێهاتوویی ،یاخود شتی تر هەیە ؟

بەهرەمەندی شتێکە لای هەموو مرۆڤیکدا بوونی هەیە ، بەڵام هەیە هەر زوو تووانا ولێهاتوویی خۆی دەردخات ، هەروەها هەیە زیاتر خۆشەویستی بۆ کارەکەی هەیە یان بە تووانایی خۆی کارەکانی پێش دەخات .

جوانترین تابلۆ تا ئێستا کردووتە ولە دڵت ماوە ؟

لە زۆر

پێشانگا لە زانکۆی تکریت و بەغدا وکۆلێژی تەقەنی و مونتدای لاوان ووەرزش وێرای ئەوەی (تیدکس) بەغدا کردووە.

بێگومان سەرەتا هەر هونەرمەندێك ئاستەنگ دێتە بەردەمی ، هیچ ئاستەنگێك هاتە بەردەم ؟

بەڵێ بێگوومان زۆر ئاستەنگ وکۆسپ هاتە بەردەمم ،سەبارەت بە لێکدانەوەی کار وەونەرەکانم ، هەوڵدان بۆ تێکدان و خەڵکانێکیش هەبوون بە هەموو جۆرێك بۆ دژایەتیکردنی بەهرەکانم ، ئەم حاڵەتش هەر بووە.

ئایا بەهرەمەندی تاکە شتە بۆ لێهاتوویی ،یاخود شتی تر هەیە ؟

بەهرەمەندی شتێکە لای هەموو مرۆڤیکدا بوونی هەیە ، بەڵام هەیە هەر زوو تووانا ولێهاتوویی خۆی دەردخات ، هەروەها هەیە زیاتر خۆشەویستی بۆ کارەکەی هەیە یان بە تووانایی خۆی کارەکانی پێش دەخات .

جوانترین تابلۆ تا ئێستا کردووتە ولە دڵت ماوە ؟

بەداخەوە ئەو کارەی کە زۆر لە خۆم نزیك بوو لێم دزرا ، کارەکەم بریتی بوو لە سەربازێك بەرگری لە وڵاتی خۆی دەکات ،کە زیاتر لە هەزار کەس لە منداڵ و جوتیار و فەرمانبەر و سەرباز و مامۆستای زانکۆ هەتاوەکو وەزیری خوێندنی باڵا لەم پێشانگایەدا ئامادەی بوون ، بەڵام ئەو تابلۆیەم کە زۆرم خۆش دەویست لە ڕۆژی دواییدا لێم دزرا .

لەهەر کارێکدا کەسانێك هەن کاریگەری لەسەریاندا هەبێت ،کێ کاریگەری لەسەرت هەبووە؟

جیاوازی نیە بۆ کاریگەری هەر هونەرمەندێك لە چ تەمەنێکدا بیت ، گرینگ سوود لە تووانا وشارەزایی و لێهاتوویان وەربگریت . هیوا و ئاواتەکانی داهاتوو چین ، لە داهاتوو خۆت لە **کوێ دەدۆزیتەوە؟**

هیواخوازم کە خۆم پێش بخەم تا بگەم بەوەی خۆم ئارەزووم لێی هەیە ، بەڵام ئەوەش لە بیر نەکەین من لە وڵاتێکدا دەژیم کە بەکەمی بەهرەمەندان لە باوەش دەگرن ، سەبارەت بە هیواکانم ئەو شوێنەی ژیانی لێ بێت خۆم لەو شوێنە دەدۆزمەوە.

لە کارەکانتدا هەوڵدەدیت کێشەیەك یاخود پەیامێك ڕابگەیێنیت ؟

بەگشتی هونەر پەیامە ، هەرچەند



ڕێگاکان جیاوازبن ، گرنگتریان دڵفراوانیە ، ئاشتی دەروونی و هەستە بەرانبەر هەر مرۆڤێك ،هەر شتێك لەسەر زەوی بوونی هەبێت پێویستی بە هەندێك خۆشەویستی هەیە ،سەبارەت بە کارەکەم کە پەیوەندە بە بەرەبوومی زەوی و بوونەوەر و زیندەوەران ، بە هیوام هەڵمەتی بەکارەێنانی دەرمانی لە ناوبردنیان قەدەخەبکرێت ، دووەم هەر وەك چۆن وڵاتانی زلەێز هەوڵی لەناوبردنی مرۆڤە بچووکتر لە خۆیان دەدەن هەوڵی قەدەخەکردنی دەرمانی قەدەخەکراوی جیهانی دەدرێت.

چ کات گوونجاوە ،یان چ کات زیاتر کارەکانت بەئەنجام دەگەێنیت ؟

درەنگانی شەو هەست بەوە دەکەم کە لە هەموو کات گوونجاوترە بۆ کارکردنی ئەو هونەری من پێوەی خەریکم ، چونکە کاتی بێ دەنگیە .

ئایا ئاشنیەتیت لەگەڵ هونەرمەندانی کورد هەیە ،یان پرۆژە وکاری هونەری؟

سەبارەت بە هونەرمەندانی کورد بەڵێ لەگەڵیان ئاشنایەتیم هەیە ، تا ئێستا هیچ پرۆژەیکمان نەبووە بە هیوام بتووانم کاری هاوبەش بکەین ، هەروەها بە ئومێدم لە هەرێمی کوردستان پێشانگایەك بۆ کارەکانم بکەمەوە .

دوا ووتەت ئەگەر هەبێت ؟

زەوی مولکی هەموو مرۆڤێکە ،باشترین بەڵگەش ئەو پەتایە یە کە سەرتاسەری زەوی گرتەوە ،هەر بۆیە پێوویستە مرۆڤ ئەزیەتی هیچ بوونەوەر وزیندەورێك نەدات وەك ئەوەی حەزناکات زیان بەخۆی بگەێنرێت، کە ئەمانیش گیان لەبەرن.

ئەو تابلۆیەی کە زۆر بە دڵم بوو لە پێشنگایەك لێیان دزیم.